# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی حەوتەم ژمارە (151) بەرواری 1–9–2023 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## " شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان"

**تایبەتمەندیی ڕۆژەکانی ئاکسیۆن و گرنگیی لایەنی خەباتی ئاشکرا ...ل11**


بەشی دووەم

## وتەی ژمارە

# بەر لە هەڵبژاردنەکان


**عەبدوڵا مەحمود**


هێشتا دیار نییە هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا دەکرێت یان نا، بەڵام دیارە کە خەڵکی عێراق و کوردستان وەکو جاری پێشوو بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکەن و بەشکستی دەکێشن. ئەمەش وای کردووە حزبە سیاسییەکان لە ئێستاوە خەریکی خۆ ئامادەکردن بن بۆ هەڵبژاردنەکان و لەوەش زیاتر کەمپەینی هەڵبژاردنەکان بەکردەوە وەڕێبخەن.



کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە، بەڵام هێشتا ناکۆکی نێوان حزبە سەرەکیەکانی هەرێم لەوانە یەکێتی و پارتی لەپەیوەند بەچەندین دۆسیە بە هەڵبژاردنەکانیشەوە بە هەڵواسراوی و بێ چارسەر ماوەتەوە. ئەوەش کۆسپێکی بەردەم هەڵبژاردنەکانە. بەجیا لەناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتی لەپەیوەند بەهەڵبژاردنەکانەوە، گوشارەکانی ئەمریکا و غەرب و ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر پارتی و یەکێتی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و دۆسیەی ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەو ڕیکەوتنیان لەگەڵ بەغداو...تاد، هێندەی تر یەکێتی و پارتی خستۆتە ژێر زەبری دەستێوەردانی دەرەکی و هۆکاریکیش بۆ قوڵکردنەوەی ئەزمەی دەسەڵاتدارێتی و نێوان پارتی و یەکێتی و گرفت بۆ ڕیکەوتنی نێوانیان لەسەر هەڵبژاردنەکان.

لەو نێوەدا ئەوەی لەهەموویان زیاتر گوشارە لەسەر پارتی و یەکێتی و حزبەکانی تری هیوا هەڵچنراو لەسەر هەڵبژاردنەکان، بەشداری نەکردنی ڕێژەیەکی یەکجار زۆری هاوڵاتیانە و بن بەستی حزبەکانیشە لەوەی چۆن بتوانن خەڵکی راپێچی سەر سندوقەکانی دەنگدان بکەن.

خەڵکی کوردستان بەجیا لە ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی پێشوو، وە بەجیا لەو هەزاران بەڵینە ڕەنگاڵەیانەی کە حزبەکان بە خەڵکی کوردستانیان دەدا، بەکردەوە بۆیان سەلماوە، کە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان هیچ لە واقعیەتی داسەپاوی سیاسی ناگۆرێت و دەستی ئەحزابی دەسەڵاتدار لەسەر ژیانیان کورت


بۆ لاپەڕە 2


## بەرپرسانی هەرێم: ئەگەر بەغدا پارەی نارد، دابەشی دەکەین!!




ئەگەر بەغدا پارەی نارد، دابەشی دەکەین، لێدوانی ورد و درشتی بەرپرسانی هەرێمە. سەرەتا پرسیاری سادە ئەوەیە، چ حکمەتێک لەوەدایە ئەگەر پارەت لەبەردەست بێت و بەغدا پارە بنێرێت تۆ دابەشی دەکەیت؟ ئایا ئێوە ئەمین سندوق و دەڵاڵن، یان بەرپرس و لێپرسراون لە دابینکردنی موچە و وەڵامدانەوە بە خواست و ویستەکانی جەماوەر. دەسەڵات هەر دەسەڵاتێک، سەرەتاییترین کاری و بەرپرسیاریەتی ئەوەیە کە موچەی کرێکاران و


بۆ لاپەڕە 3


## ڕێژەی تاوان لە هەرێمدا بەخێرایەکی زۆر بەرەو هەڵکشان دەچێت...



کەم رۆژ هەیە تاوانێک یان چەند تاوانێک لە ریگای کوشتنەوە بە ریگای جۆراو جۆر نەبیستین. کەم رۆژ هەیە هەواڵی دۆزینەوەی تەرمێک، جەستەیەکی شێوێنراو، سوتاو، گوللە بەجەستەوە بوو، یان هەواڵی دەستڕێژی گوللە لە خێزانێک، یان شەڕی نێوان دوو بنەماڵە و قوربانیەکانی...تاد، نەبنە سەردێری میدیاکان. ئەوە بەجیا لە هەواڵی بەردەوام و تەکاندەری قوربانیانی شوێنی کار، کوشتنی ژنان، خۆکوژیی و خۆسوتاندنیان تا


بۆ لاپەڕە 3


## 27 ساڵ بەسەر تاوانی 31 ئابدا.....ل6

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* لە سەروبەندی هەڵبژاردن چی باسە؟..............................................ل4
* نارەزایەتی بێ ڕێکخراو بوون بێ هیوای بەرهەم دەهێنێت.................ل4
* بەیار مستەفا، وەڵامی پرسی رۆژی داوەتەوە.......................................ل5
* ناسیۆنالیزمی کوردایەتی و ئیسلامییەکانی کوردستان......................ل6
* لەیادی هاوڕێ "بەکر عەلی" تێکۆشەرو شاعیری بێبەشاندا.................ل6
* مەلاکان:هەرکەسێ بۆن لە خۆیدا و بۆ دەرەوە میکیاج کات، زیناکارە....ل7
* سۆشیالیزم و ئایین!..........................................................................ل9




**دۆسیەی ژمارە " هۆکاری کوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و پرسی پەسەندکردنی بودجە و ئایندەی قەوارەی سیاسی هەرێم"**

**بەڕێز کەمال رەئوف وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...ل12**


پرسی ڕۆژ ل5

پرسی ژن ل7

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# درێژەی وتەی ژمارە

ناکاتەوە، بەڵکو دەنگ بهێنن یان نا، براوە بن یان دۆڕاو... بەهۆی بوونی هێزی چەکدار و دەزگای هەواڵگری حزبی و بەتاڵانبردنی داهات و خۆبەستنەوە بە جەمسەرە ناوچەیەکانەوە، لەجێگای خۆیان دەمێنەوە. هەروەها ئەوە رۆشنە ئەوەی پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانی لەدەسەڵاتدا بەڵکو بەش و گۆشەیەکە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی داسەپاوی بۆرژوازی کورد و گاڵتەجاری هەڵبژاردنەکان وەکو گۆشەیەک لە رتوشی ئەو دەسەڵاتە، وە هاوکات بەشێکە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەراستای وەرگرتنەوەی رەوایەتی دەسەڵاتی فەرمی، بە ئاراستەی راماڵینی دەسەڵاتی سیاسیدا. بەرامبەر بە خەڵک. بارزانی سەردانی شار و شارۆچکەکان دەکات و گوێ لەداخوازی و نیگەرانی هاوڵاتیان دەگرێت و هاوخەمیان بۆ دەردەبرێت و پشتیوانی داواکاری هاوڵاتیان دەکات... سەرۆکی یەکێتی لە "کەرکوکی قودسی کوردستان"!! وە، بەستنی کۆنگرەی حزبەکەی رادەگەیەنێت و بە کەرکوکیەکان دەڵێت، بریاری چارەنووسساز لە جەرگەی کەرکووکەوە دەدەین...

**هێشتا دیار نییە هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا دەکرێت یان نا، بەڵام دیارە کە خەڵکی عێراق و کوردستان وەکو جاری پێشوو بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکەن و بەشکستی دەکێشن. ئەمەش وای کردووە حزبە سیاسییەکان لە ئێستاوە خەریکی خۆ ئامادەکردن بن بۆ هەڵبژاردنەکان و لەوەش زیاتر کەمپەینی هەڵبژاردنەکان بەکردەوە وەڕێخەن...**

هێشتۆتەوە، بەرهەمی پرۆسێسی هەڵبژاردنەکان دەنگی هاوڵاتیان نییە، بەڵکو بەرهەمی ملهورییەکی ئاشکرای سیاسی و میلیشیایی و تاڵانکردنی قوتی هاوڵاتیان و عادەتی نۆکەر پیشەییە. دەسەڵاتێک نەتوانێت سەرەتاییترین خزمەتگوزاری وەکو ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، دەسەڵاتێک خۆی هۆکاری داڕمانی کەرتی تەندروستی و خوێندن و پەروەردە بیت، هۆکار بێت بۆ زۆر بوونی تاوان و خۆکوژی و لەوانەش زیاتر نەتوانێت موچەی موچەخۆرەکانی بدات، و لەو موچەیەش کە بەدواکەوتنی چەند مانگیەوە دابەشی دەکات بەشێکی لێ حەپەلوش بکات و بەشێکی پاشەکەوت و بریکی زۆریشی لە رێگای باج و خەراجەوە لێ وەربگرێتەوە، لەو لاشەوە حزب و بنەماڵەکان، بەهەشت بۆخۆیان و دەوروبەریان ئەفریدە بکەن، چۆن دەتوانن بە بانگەشەی پوچەوە خەڵکی راپێچی بەردەم هەڵبژاردنەکان بکەن؟.

هەڵبژاردن و ئەزموونی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان، لە جێگای ئەوەی حزبەکان بکاتە براوە و یاریچی ناو هەڵبژاردنەکان، خەڵکی کردووە بە براوەو یاریچی سەرەکی ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەکان. شکست کێشانی هەڵبژاردنەکان و رەوینەوەی خۆشباوەری بەهەڵبژاردنەکان، کاراکتەرە سەرەکیەکی نارەزایەتی جەماوەری بوو بە دەسەڵات و هەڵبژاردنەکان. بەشداری نەکردنی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکان، تەنها رەتکردنەوەی هەڵبژاردنەکان و پوچی هەڵبژاردنەکان نییە، لە دۆخی ناتەبایی و ململانێی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و رەتکردنەوەی هەڵبژاردن لەلایەن زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانەوە، سەرانی سەرجەم حزبە سیاسیەکان، بەتایبەتی تریش بنەماڵەی دەستەبژێری حزبەکان، هەموو هەوڵیان ئەوەیە، جارێکی تر لە رێگای فریوکاریی هەمەچەشنەوە خەڵکی کوردستان راپێچی بەردەم سندوقەکانی دەنگدان بکەن... لەوانەش لەژێر ناوی هەرەشە دەرەکی لەسەر قەوارەی هەرێم، پاشگەزبوونەوەی بەغدا لە فیدرالیەت، گێرانەوەی هەیمەنەی بەغدا بۆسەر هەرێم، بەدەستەوە دەگرن. هەروەها بە پاساوی ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەست لەهاوکاریمان هەڵدەگرێت، ئەگەر هەڵبژاردن نەکەین و ناومالی کوردا!! ڕیک نەخەین، دەیانەوێت خەڵکی کوردستان بترسێنن و لەرێگای ئەو ترسە دەرەکیەوە راپێچی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانیان بکەن. ئەوە لە کاتێکدایە بەپێی خودی ئاماری راپرسیەکانی حزبەکان، هۆکاری سەرەکی بەشداری نەکردنی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا، نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، و نەبوونی هەلی کار و موچەیە... تا گوشاری دەرەکی...تاد.

سەرباری ئەو دۆخە، چ پارتی و یەکێتی و چ هێزەکانی دی، بەکردەوە و بەر لەوەی دیار بێت هەڵبژاردن دەکرێت لەوادەی خۆیدا یان نا، یان کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن دەستی پێکردبێت، دەستیان کردووە بە بانگەشەی هەڵبژاردن و سەردان و بەخشینەوەی بەڵێن و دەرخستنی رووی سەغاوەت مەندیان هێزەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی، بەڵێنی بەهاری و دنیایەکی تەواو جیاواز لە هەرێمی کوردستان بە هاوڵاتیان دەدەن و خەونی گرتنە دەستی دەسەڵات و کۆتاییهێنان بە دەسەڵات رادەگەیەنن...

هەموو ئەو جموجۆڵەی حزب و لایەنە سیاسیەکان و هاوپەیمانیەتیەکان بەر لە هەڵبژاردنەکان، بەر لەوەی بۆ هەڵبژاردنەکان بێت، بۆ ئەوەیە خەڵکی تۆراو نارازی لەخۆیان ئاشت بکەنەوە، بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری هەڵپەسێرن، و رەوەندی بایکۆت لاواز بکەن و داواو داخوازییەکان بخەوێنن... ئەم کەمپەینە پێش وەختەی حزبەکان لە پەیوەند بە هەڵبژاردنەکان، بەیانی پێش وەختەی مایەپوچی هەڵبژاردنەکان و خستنە رووی ئەزمەیەکی قوڵی حزبە سیاسیەکانە. ترسی حزبەکانیش لە بەشداری نەکردنی خەڵک و رەوەندی چوونەسەری بایکۆتی هەڵبژاردنەکان، نیگەرانی نییە لەوەی لەو رێگایەوە لەدەسەڵات دابماڵرێن، بەڵکو نیگەرانییە لەوەی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی هێندەی تر پشتیان تێ بکەن و تەریکیان بخەنەوە. پارتی و یەکێتی و هەموو کەسێکی هوشیار دەزانن پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان لەدەسەڵاتدا بە هەڵبژاردن وەلانانرێن، بەڵام ئەو راستیە دەزانن کە شکستیان لە هەڵبژاردنەکان بەمانای لەدەست دەرهێنانی درۆی شەرعەیەتی دەسەلاتیانە، بۆیە بەهەر نرخێک بووە دەیانەوێت هەڵبژاردن تێپەڕینن و بەشی

ئەوەش خەڵک بەشداری بکات، کە مۆری ناشەرعی بوونی دەسەڵاتیان لە ئاستی رای گشتی و فەرمی، بشارنەوە و بۆ ماوەیەکی تریش بەدرۆی وەرگرتنی شەرعیەتی دەنگی هاوڵاتیانەوە، دەسەڵاتی میلیشیایی و ناشەرعیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا درێژە پێ بدەن.

دیارە پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان، لەڕێگای بەبارمتەگرتنی قوتی بەشیکی زۆر لە هاوڵاتیان و بەستنەوەی کارو گوزەرانی مەمرەو مەژیان بەخۆیانەوە لەڕیگای دامەزراندنیان بە تەزکیەو پشتیوانی حزبی و موچە بۆ بڕینەوە و خانەنشینی جۆراوجۆر بۆیان و بوونی هیزی چەکداری حزبیان، لەشکرێکیان بەخۆیانەوە بەستۆتەوە، کەهەم ناچارن دەنگیان پێبدەن و هەمیش لەکاتی پێویستدا بەو جۆرەی دەیانەوێت بەکاریان بهێنن، بەڵام نیگەرانی و نارەزایەتی ئەم لەشکرەشی گرتۆتەوە.

زوربەی زۆری خەڵکی کوردستان چۆن بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا ناکەن و بەشێکن لە شکستی پرۆسەی هەڵبژاردن، پێویستە ئاواش لە ئێستاوەو بەر لەدەسپێکی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و بانگەشەکانی، لەبەرامبەر بە جموجۆڵ و کەمپەینی حزبەکاندا، دەست بەکار بن و ڕیگە نەدەن بانگەشەو فریوکارییەکانیان، گەرد بخاتە سەر رەوایەتی رووبەرووبونەوەی گەمەی هەڵبژاردنەکان... رووبەڕووبوونەوەی کەمپەینی هەڵبژاردنەکان، یانی رەتکردنەوەی نەخشەی حزبە سیاسیەکان و ئامانجە لیخنەکانیان، کە دەیانەویت دەنگی خەڵک بکەنە دەستمایە بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی لەپێشدا براوەی ملیشیاییان.

رابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو کرێکاران ولاوان و خوێندکاران و ژنان و تیکۆشەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتیەکانی تری کۆمەڵگەو بزوتنەوەی دژە گەندەڵی و دەسەڵات، پێویستە لە ئێستاوە بە نەخشەی ورد و پرۆژەی رۆشن و چالاکی جۆراو جۆرەو ماهیەتی هەڵبژاردنەکان و بانگەشەی فریوکارانەی حزبەکان، بخەنە روو. ئاستی هوشیاری رەوەندی بایکۆت بەرنە سەرەوە. کارنامەی سێ دەهەی دەسەڵات بە ئامار نیشان بدەن، قوربانیانی دەستی دەسەڵات وەکو سزانامەی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن.

**کۆتایی ئابی ٢٠٢٣**

**رابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو کرێکاران ولاوان و خوێندکاران و ژنان و تیکۆشەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتیەکانی تری کۆمەڵگەو بزوتنەوەی دژە گەندەڵی و دەسەڵات، پێویستە لە ئێستاوە بە نەخشەی ورد و پرۆژەی رۆشن و چالاکی جۆراو جۆرەو ماهیەتی هەڵبژاردنەکان و بانگەشەی فریوکارانەی حزبەکان، بخەنە روو. ئاستی هوشیاری رەوەندی بایکۆت بەرنە سەرەوە. کارنامەی سێ دەهەی دەسەڵات بە ئامار نیشان بدەن، قوربانیانی دەستی دەسەڵات وەکو سزانامەی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن...**

## دریژەی: بەرپرسانی هەرێم: ئەگەر بەغدا پارەی نارد، دابەشی دەکەین!؟

کارمەندانی دابین بکات و خزمەتگوزارییە پیویستیەکانی هاولاتیان فەراهەم بکات...بەتایبەتی کەداهاتی ناوخۆ و بەغدا و هاوکاری نێودەولەتی و سەرچاوەی داهاتە نانەوتی و گومرک و باج...تاد، لەبەردەستی دەسەلاتە. هەروەها کرێکاران و کارمەندان لە دام و دەزگاو فەرمانگەکانی هەرێمدا کار دەکەن و بەرپرسی و ئەم دام و دەزگایانەش یان حکومەت!! و یانیش سەرمایەدارانی ناوخۆین. خەلکی کرێکار و کارمەند و موچەخۆرانی هەرێم، مافی بێ ئەو لای خۆیانە کە لەکاتی خۆیدا موچەیان پێبدرێت، بەپێی چوونەسەرەوی نرخی کالاکان و بازار موچەکانیان بۆ زیاد بکرێت، هەر چەند سال جارێک بەپێی پسپۆری و شارەزایی پلەیان بەرز بکرێتەوە، کە تەمەنی خانەنشینیان هات، بە موچەی گونجاوەوە خانەنشین بکرێن و ئەو کەسانەی ئامادە بەکارن هەلی کاریان بۆ برەخسێنرێت و ئەوانەشی بێکارن، بیمەی بێکاریان پێبدرێت... ئەوە سەرەتاییترین کارگەلێکن کە هەر دەسەلاتێک ئەگەر کەمترین بەرپرسیاریەتی هەلبگرێت، دەبێ دابینیان بکات.

ئەوەی لە هەرێم و لەژێر سایەی دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا دەگوزەرێت... نامۆیە بەهەموو دەسەلاتێکی بەرپرسیار و حکومداری. لەلایەکەوە دەسەلات قورغی هەموو کایەکانی بەرهەمهێنان و سەرچاوەکانی داهات و جومگەکانی بەڕێوەبردن و بازاڕی کردووەو لەلایەکی تریشەوە ئامادە نییە هیچ بەرپرسیاریەتییەکی دابینکردنی ژیان و گوزەرانی هاولاتیان هەل بگرێت و لەوەش زیاتر ئامادەنییە بەشێکی زۆر ناچیز لە بەرهەمی ماندوبوون و کاری هەرزانی کریکاران و کارمەندان لەکاتی خۆیدا بدات و ئەو بەرپرسیاریەتییە دەخاتە ئەستۆ دەسەلاتی ناوەندی، کاتیکیش دەسەلاتی ناوەند بودجەیەک بۆ هاولاتیانی هەرێم و موچەخۆرانی دەنێرێت، دیسان دەسەلات بەشی خۆی و حزب و بنەمالەو موچەی خەیالی بۆ بەرپرسە حزبی و حکومیەکان و میلیشیاکانی لێ لادەدات و ئەوەی مایەوە، وەکو خێر و سەدەقە بەلێبڕینەوە خۆی دابەشی سەر هاولاتیان و موچەخۆرانی دەکات، ئەویش بە دواکەوتوترین شێواز... ریز بەستنی موچەخۆران لەبەردەم بەڕیوەبەرایەتیەکان و بانقەکان و زۆرتر دیمەنی بەسوالکردن دەخاتە پش چاو، تا دابەشکردنی موچە، وەکو مافێکی سەرەتایی و سادە.

دەسەلاتێک لە هەرێم و جغرافیایەکدا، توانای دابینکردنی موچەو خزمەتگوزارییەکانی نەبێت، بەرپرسیاریەتی دابینکردنی خوێندن و پەروەردەیەکی سادەو وەلامدانەوە بە سلکی تەندروستی و ویستی زۆر سادەی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری و ڕیگاو بان و پاراستنی ئەمنیەتی هاولاتیان و... نەبێت، نەک شایستەی دەسەلاتدارێتی نییە، بەلکو دەبێتە بارێکی قورس بەسەر کۆمەلگەوەو دەبێ رابمالرێت. دەسەلاتی سیاسی هەرێم لەبێکارەبایی و بێ ئاوی و بێ خزمەتگوزاریی و بی موچەیی زیاتر بۆتە مۆتەکەی سەر ژیان و گوزەرانی هاولاتیان، بۆیە خواستی زۆر سادەی موچەو ئاو و کارەباو خزمەتگوازرییەکان و کەمترین چاکسازی بەستراوەتەوە بە کۆتاییهێنان بەو دەسەلاتەی بۆتە شەرم بۆ ئینسانی ئەم سەردەمە.

بەغدا موچە بنیرێت یان نا، موچەخۆرانی هەرێم مافی سەرەتایی خۆیانە موچەیان پێبدرێت، موچەخۆرانی هەرێم موچەخۆری دەسەلات و حکومڕانی هەرێمن، نەک بەغدا و بەسرە. بۆیە نابێ خەلکی کوردستان باجی ململانێی سیاسی نێوان بەغدا و هەرێم بدەن.

## دریژەی: ڕێژەی تاوان لە هەرێمدا بەخێراییەکی زۆر بەرەو هەلکشان دەچێت...

دەگاتە قوربانیانی ریگاو بان و هاتووچوو، خنکان لە ئاو و روبار و دەریاچەکان و هاوکات رادەی دزی و تالانی مالان و دوکان... تا دێت بەرەوە هەلکشان دەچن.

بەشی هەرەزۆری ئەم قوربانیانە، بەتایبەتی تاوانی کوشتنەکان و زۆربوونی دزی و تالانی... روداوی سادە و بێ هۆکار نین. تاوان و تاوانکاری هەمیشە رەنگدانەوەی دۆخ و هەلومەرجێکی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتییە و پەروەردەیی و یاساییە.

زوربەی هەرەزۆری کوشتن و تاوانکارییەکان، ریشەی لە دۆخی نەخوازراوی ژیان و گوزەرانی هاولاتیان دایە... بێکاری و گرانی و برسێتی و نەداری هۆکاری سەرەکی ئەو تاوانانەن، دەسەلاتی سیاسیش هۆکاری بێکاری و گرانی و هەژاری و برسێتییە.

کۆمەلگەی کوردستان، دابەشی دوو دنیای ژیان کردن بووە، دنیای کەمایەتیەکی زۆر کەمی دەسەلات و سەرمایەدار و بازرگانەکانەکان کە لەسەر دزینی دەستڕەنج و ماندووبوون و برسیکردنی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەلگە، بەهەشتێکی واقعیان بۆخۆیان و ئێستاو ئاییندەی نەوەکانیان خولقاندووە، لەبەرامبەردا زوربەی هەرەزۆری کۆمەلگە لە کەمترین پێداویستی ژیانێکی سادە و ئاسایی بێبەشن، وێلی دوای نان و کار و ژیانێکی ئارامن و بە کردەوە ژیانێکی دۆزەخیان بەسەردا سەپێنراوە. ئەم واقعیەتە نەخوازراوە کە ریشەی لە سود پەرستی و چاوچنۆکی دەسەلات و پارێزەری کەمایەتیەکی سەرمایەدار دایە، سەرچاوەی سەرەکی تاوانەکان و زۆربوونی تاوانەکانە. یاسا و دادگاش کە بۆ بەرگری لەم نەزم و نیزامە سەرەوخوارەی کۆمەلگە قوتکراوەتەوە، بەپێچەوانی بانگەشەی باو بۆ رێکخستنی کۆمەلگە نییە، بەلکو هیز و ئامرازی بەرگری لەم هەلاواردن و قلشتە قولە چینایەتیە و بۆ کۆنترۆلکردنی کۆمەلگە و ریگەگرتنە لە یاساو رێسای ئاسایی ناو کۆمەلگەو خێزانەکانە کە هەمیشە لەپێشتر و مۆدێرنتر و ئازادترە، لە یاسا باوە پەسەنکراوەکان.

ئینسانی برسی کراو و دەروازە بەرووداخراودا، بۆ مانەوەی لە ژیان ناچارە دەستبداتە بەرگری سلبی و دەست بۆتاوان ببات، پەنا بۆ دزی ببات. ئینسانی بی ئومێدکراو هیوا خنکێنراو ناچارە دەست بۆ خۆکوژی ببات... هەموو تاوانەکانی کوشتن و خۆ کوژی و دزی و تالانی، ریشەیان لەو دۆخەدایە، خولقینەری ئەو دۆخەش، دەسەلاتی سیاسییە.

لەگەل ئەوەدا رۆژ بەرۆژ ریژەی تاوانەکان زۆرتر دەبن و شێوی جیاواز بەخۆیانەوە دەگرن و قوربانیەکانی هەلدەکشێن، کەچی دەسەلاتی سیاسی هەرێم کەخۆی لایەن و هۆکارێکی خولقینەری ئەو دۆخەیە، وەکو چاودێر مامەلەی ئەو دۆخە دەکات لەجیاتی ئەوەی ریکار و رێگایەک بگرێتە بەر بۆ کەم کردنەوە و سنورداركردنی، بێ باکە بەرامبەری.

کەمی موچە و بێ موچەیی و دواکەوتنی موچە، گرانی بازار و بێکاری و هەژاری لەپال نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکان بەتایبەتی کەرتی تەندروستی، کە هەموویان پەنجەی تۆمەتباری دەخەنە سەر دەسەلاتی سیاسی، بۆتە هۆکاری سەرەکی بۆ ژینگەسازکردن بۆ تاوانەکان.

دیارە تاوان و تاوانکاری لەهەموو گۆشەو کەنارێکی دنیادا هەیە، کوشتن و خۆکوژی لە هەموو ولات و کۆمەلگەیەکدا بوونی هەیە، بەلام هاوکات دەسەلاتە بەرپرسەکان، کەمێک بەرپرسیاریەتی هەلدەگرن و لانی کەم بەیاسایەکی مەدەنی بەرگری لە تاوانکار و تاوانلێکراو دەکەن. بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی دەکەن، لێپرسینەوە و لێکۆلینەوە لە تاوانەکان و بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی دەگرنە بەر. بەلام دەسەلاتە نابەرپرس و دواکەتوو و بنەمالەیەکان، کێشەیەکیان لەگەل ئەم هەموو تاوان و تاوانکاریەدا نییەو بێ باکانە لە میدیاکانیانەوە هەوالەکان دەگوازنەوە.

لەبەرامبەر بەو دۆخە نەخوازاوەو بێ دەربەستی دەسەلاتدا، پێویستە هەنگاوی بەرجەستەو خێرا بەدەستەوە بگیرێت. چۆن داخوازی بۆ نان و موچە و خزمەتگوزارییەکان و بۆ ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان، بۆتە خواستی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەلکی کوردستان، ئاواش پێویستە گرتنەبەری رێکاری پێویست بۆ بەرگری بە تاوانەکان و بەدواداچوون و لێپرسینەوەی یاسایی مەدەنی، ببێتە خواستی خەلکی کوردستان.

**دەسەلاتێك لە هەرێم و جغرافیایەكدا، توانای دابینكردنی موچەو خزمەتگوزارییەكانی نەبێت، بەرپرسیاریەتی دابینكردنی خوێندن و پەروەردەیەكی سادەو وەلامدانەوە بە سلكی تەندروستی و ویستی زۆر سادەی ئاو و كارەبا و خزمەتگوزاری و ڕیگاو بان و پاراستنی ئەمنیەتی هاولاتیان و... نەبێت، نەك شایستەی دەسەلاتدارێتی نییە، بەلكو دەبێتە بارێكی قورس بەسەر كۆمەلگەوەو دەبێ رابمالرێت. دەسەلاتی سیاسی هەرێم لەبێكارەبایی و بێ ئاوی و بێ خزمەتگوزاریی و بی موچەیی زیاتر بۆتە مۆتەكەی سەر ژیان و گوزەرانی هاولاتیان، بۆیە خواستی زۆر سادەی موچەو ئاو و كارەباو خزمەتگوازرییەكان و كەمترین چاكسازی بەستراوەتەوە بە كۆتاییهێنان بەو دەسەلاتەی بۆتە شەرم بۆ ئینسانی ئەم سەردەمە...**

# لە سەروبەندی هەڵبژاردن چی باسە؟؟



نووسینی: عوسمان محەممەد

لە سەروبەندی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی ساڵی داهاتوو کە زۆر دڵنیا نین ئەم هەڵبژاردنە ئەکرێ یان ناکرێ، هەر لە ئێستاوە دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبە بورژواکان پەلەقاژەیانە بۆ پێشبرکێ و لە دەست نەدانی فرسەت بۆ شوێنگرتنەوەی یەکێتی و پارتی و لەسەر ئاستی کوردستان، دەیان پەرلەمانتار و نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەهێنن گفتوگۆیان بۆ ساز ئەدەن. ئەم قسەکەرانەی بورژوازی هەر هەموویان چەند خاڵێکی هاوبەشیان هەیە و ئەڵێن.

داوا لە خەڵکی کوردستان ئەکەین بە لێشاو بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و یەکێتی و پارتی ڕسوا بکەن، چەند خەڵک زۆر بڕوات ئەوە گرنگە.

٢– ئەڵێن بۆ وەلاخستنی یەکێتی و پارتی لە هەڵبژاردن زیاتر شتێکی تر نییە، بتوانێ ئەم دەسەڵاتەیان لێ وەربگرێتەوە.

بەڵام ئەبێ هەوڵ بدەین لە هەموو لایەکەوە نەهێڵین تەزویری دەنگەکان بکرێت، هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد بکرێت.

٤– ئەڵێن دیزاینی ئەمجارەی هەڵبژاردن زۆر جیاواز ئەبێ، چوونکە ئەمریکا و ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێری توونديان ئەبێ بەسەر هەڵبژاردنەوە.

٥– ئەڵێن ئەم میکانیزمەی کۆمسیۆنی عێراق لە سەدا 90 بۆ 95 بێ غەش و بێ تەزویر ئەبێت.

٦– ئەڵێن دەنگی هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵات زۆر زیاد ئەکات، کاتێ کە ئەڵێن با خەڵک بە لێشاو بەرەو سندوقەکانی هەڵبژاردن بڕۆن، چوونکە خەڵک دەنگ بە یەکێتی و پارتی نادات، ئەوە دەنگەکان بۆ ئەوانەی دەرەوەی دەسەڵات ئەبن، چوونکە هیچ هێزێک لەوانە نفوزێکی وایان نییە کە بەهەقی خۆیان چەند کورسیەکی پەرلەمان بە دەست بێنن ناچار پەنا بۆ دەنگە ناڕازیەکانی یەکێتی و پارتی ئەبەن، یان بۆ ئەو خەڵکانەی کە لە هەڵبژاردنی پێشوو لە سەدا 70 مقاتەعەی هەڵبژاردنیان کرد. ئەڵێن بۆ وەلانانی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی لە هەڵبژاردن زیاتر هیچ شتێکی ترمان نییە کە ئەم دەسەڵاتە وەلابنێن. نا هەڤاڵە بەڕێزەکان ئەوە بزووتنەوەکەی ئێوەیە کە هیچی تری نییە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی، چوونکە ئێوە ئەتانەوێ دەسەڵاتی سەرمایە بۆ چەوسانەوەی خەڵک هەر درێژەی هەبێ، بۆیە ئەتانەوێ لە ڕێگای هەڵبژاردنی پەرلەمانیەوە ئاڵوگۆری دەسەڵات بکەن و سیستەمی سەرمایە هەر بمێنێ، بەڵام بۆ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخواز ڕێگاچارەی شۆڕشگێڕانە هەیە بۆ وەلانانی دەسەڵاتی ئێستای کوردستان، ئەویش ڕێکخراوەیەکی جەماوەری سەراسەری خەڵکە، کە دنیای دەسەڵات و دام و دەزگا سەرکوتگەرەکانی ژێر و ژوور بکات. کاتێ کە ئەڵێن ئەبێ هەوڵ بدەین هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد بکرێ، من دڵنیام خۆشتان قەناعەتتان بەو قسەیە نییە، چوونکە لە دنیای سەرمایەداریدا لەسەرتاسەری گۆی زەوی لە هیچ وڵاتێک هەڵبژاردنی پاک و بێگەرد و یەکسان نییە، ئەم سیستەمە لەسەر ئەساسی درۆ و فێڵ و کەڵەکەبازی درووست بووە لە ناو یەک حیزبیشدا پاشقول لە یەکتر ئەگرن قەیناکە ئێوە درۆ لەگەڵ خەڵکدا ئەکەن، بەڵام ئەوە هونەری تێدا نییە کە لە ناوخۆشتانە درۆ ئەکەن و چەواشەکاری لەگەڵ یەکتر ئەکەن، هەر ئەمە ئەتانگەیەنێ بۆ دەست بردن بۆ تیرۆری هەڤاڵەکانی خۆشتان. ئەڵێن مادام کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی سەرپەرشتی هەڵبژاردن ئەکەن لە سەدا 90 بۆ 95 بەبێ تەزویر لێی دەرئەچین. هەڤاڵان قەینا ئێوە ئەتانەوێ خەڵک فریو بدەن و بە درۆ و دەلەسە هەڵیان خڕێنن بە دوای سیاسەتەکانی خۆتاندا.

1– کۆمسیۆنی عێراق نە جیاوازی لەگەڵ کۆمسیۆنی کوردستان هەیە و نە لەوان شەریف ترن، هەر هاوبیرەکانی ئێوەن کە بە دوای پارە و قازانجی زیاترەوەن. ئاغاکانی دەسەڵاتیش پارەیەکی زۆریان هەیە و لەوە دڵنیا بن کە ئێستا چەند کەسێکیان لێ کڕیون، بۆیە خۆتان دڵخۆش مەکەن بەو بۆچوونەتان

. 2– هەڤاڵان ئەبێ ئێوە باش بزانن ئەوە پسپۆری و هونەرەی درۆی پێ ئەکەن ستۆک بووە، درۆکانتان لای خەڵکی کوردستان کەشفە ئەبێ هەوڵ بدەن پسپۆری و هونەری درۆ کردنی تازە بدۆزنەوە بۆ فریودانی خەڵک. ئەم شێوەنەی ئێوە ئەیکەن بۆ ئەوەیە ئەزانن کە خەڵکی کوردستان باوەڕی بە دەسەڵات و دام و دەزگای سەرمایەداری نەماوە، ئێوە ئەتانەوێ بە کۆمەڵێ دەموچاوی تازە دەسەڵات بگرن و هەمان سیستەم بپارێزن، بەڵام هەی نەهاتتانبێ بەدیلەکەتان ئەوەندە لاواز و بێهێزە شانسی گرتنە دەستی دەسەڵات بووەتە مەحاڵ بۆتان. خەڵک بە دوای بەدیلێکدا ئەگەڕێت کە لە برسێتی و بێکاری شەڕ و تیرۆر و تۆقاندن و بێ ئاوی و بێ کارەبایی و .... هتد ڕزگاریان بێت، ئەوەی ئێوە لەم 32 ساڵەدا کردتان هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی و کۆنەپەرست لە عێراق و کوردستان نەیکردووە. بۆیە ئەبێ خەڵک خۆی ڕێکخراو بکات و خۆی بەڕێوەبەری دەسەڵاتی خۆی بێت....

# ناڕەزایەتی بێ ڕێکخراو بوون بێ هیوای بەرهەم دەهێنێت




ئاوات (عبدالرحمن رسول)

کەبۆخۆتان باوەڕتان بەڕێکخراوبوونی خۆتان نەبێت ئەی خەڵکی ناڕازی بۆ گۆڕانکاری لەجۆری سیستەم و دەسەڵاتی چەوسێنەرو دزو نایەکسان UNچی پێدەکرێت؟ خواستی پێدانی موچە و هەقدەست لەکاتی خۆیدا مافێکی ڕەواو سادەیە, بەڵام کاتێک ئەم بێمافییە درێژەی دەبێت, کەوایە ناکرێت بەسادەیی هەنگاو بۆ هێنانەدی بندرێت. کاتێکیش کە خەڵک بی یەوێت دەسەڵات ناچار بکات لەکاتی خۆیدا ئەو هەقدەست و موچەیەی پێبدات کە بە زۆرەملێ لێی زەوت کردووە ئەوا ناچارە خەڵکی ناڕازی وچەوساوە خۆ بۆرێکخراو بکات بۆ ئەنجام دانی تێکۆشانی هاوپشتی ویەکگرتووانەی لەگەڵ هاوشێوەکانی کەمافییان لێ زەوتکراوە . ئەم ڕاستی یەش سەلماندراوە لەکوردستان کە چەندین جار نارەزایەتی و خۆپیشاندان بۆ گەڕانەوەی پاشەکەوت و هەق دەست و موچە ساز کراوە بەڵام بەردەوام بەبیانووی جۆراوجۆر دوایی دەخەن . هەر بۆیەشە چوونە بەردەم UN بۆ هێنانەدی ماف و داواکاری یەکانی خەڵک لەهەبوونی بێ هیوایی یەوە هیچی لێ سەوز نابێت. لەبەرئەوەی هەریەکە لەدەوڵەتانی UNبۆ بەرژەوەندی بۆ ئاراستەی خۆیان دەڕوانن، دڵنییابن کە UNزۆر باش ئەو جۆرە دەسەڵاتانە دەناسێت خەڵک دەچەوسێنەوە وبێ مافیان دەکەن. خەڵکی چەوساوە و کرێکارو فەرمانبەر خۆیان پشتیان چەماندۆتەوە بۆ ئەوەی ئەوجۆرە بەرپرس و دەسەڵاتدارە دژە ئینسانی و بێ ڕوحمانە بەزۆرەملێ کۆمەڵگە بەڕێوەبەرن. چەندین ساڵە بەبێ ئەوەی کۆمەڵگە باشتر کەن، بەڵکو ڕۆژ دوایی ڕۆژ خەراپتری دەکەن. پاش چەندین هەڵبژاردن و دەنگدان بارودۆخی خەڵکی کوردستان بەگشتی خەراپتر بووە و کرێکاران و زەحمەتکێش زیاتر قەیران و کێشەکانیان زیاتر بووە. کرێی کارەبا و ئاو و باج و سەرانە لەسەریان زیاتر بووە و خەراپی خزمەتگوزاری گشتییەکانی تەندروستی و پەروەردە و ڕێگاکان و کێشەکانی جوتیاران زیاتر بووە. کوشتنی ژنان و خۆکوژی و تیرۆر و زیندانی چالاکوانانی مەدەنی و سیاسی و درێژەی هەیە و سەرکوت و بێ مافییەکان و جیاوازییە چینایەتییەکان زیاتر دەبێت ڕۆژ دوایی ڕۆژ. هیچ جۆرە چاکسازی و باشبوونی کۆمەڵگەیەک لەخۆیەوە و لەئاسمانەوە نەباریووە و نەکراوە. لە هیچ کۆمەڵگەیەکی جیهاندا بەبێ ئەوەی خەڵکی ناڕازی و چەوساوە خۆی ڕێکخراو بکات! هەنگاوە دروستەکە ڕێکخراوبوونی خەڵکی ناڕازییە لەناو ڕێکخراوی جەماوەری بە ئامانجی هێنانەدی مافە چینایەتییەکان. هەر جۆرە کێشەوقەیران و گرفت و نەهامەتیەک کە بۆ خەڵک هاتۆتە پێش بەهۆی زاڵبوونی سستەم و دەسەڵاتێکی چەوسێنەرو نایەکسان و دز و گەندەڵەوەیە، هەر جۆرە چاوەڕوانییەک لێی کە بتوانێت ژیانی خەڵک باشتر بکرێت جگە لە تەشەنەکردنی بێهیوایی لەهەمانکاتیشدا هەنگاوە بۆ چەمانەوەی زیاتر لەبەردەم زیاتر هاڕینی جەستەی جوانییەکانی کۆمەڵگە. سەرجەم نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانیش ئەگەر لەئەنجامی ڕێکخراوبوونی خەڵکی ناڕازی لەناو بزووتنەوەیەکی جەماوەریدا بەئامانجی هێنانەدی ئامانجە چینایەتییەکان و داواکارییە ڕەواکان لەدایک نەبێت، لەگەڵ ئەوەی بێ بەرهەم دەبێت، لەهەمان کاتیشدا بێ ئومێدی و ئاوارەیی گەنجانی ناڕازی لەدوایی خۆی بەرهەم دەهێنێت. هەربۆیە ئەگەر خەڵکی کوردستان بیەوێت ڕزگاری بێت لەدەست دزی و چەوسانەوە ونایەکسانی ئەوا باشترە هەرچی زووترە خۆیان ڕێکخراو بکەن لەناو بزوتنەوەیەکی جەماوەری بەئامانجی هێنانەدی نان، کار، ئازادی، ئیدارەدانی شورایی. هێنانەدی خواست و دواکارییە چینایەتییەکانیان. کە دابینکردنی کارو پێدانی هەقدەست و موچەی تەواو ولەکاتی خۆیدا و پێدانی بیمەی تەندروستی و بیمەی بێکاری و چەندین ماف وداواکاری ڕەوایی تر .

## لە بۆپێشەوەوە

⦿ درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

⦿ ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.




**پرسی رۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## پرسی رۆژ/ ڕێکەوتنی بریکس

## بەڕێز بەیار مستەفا، چاودێری ئابوری وەڵامی پرسی رۆژی داوەتەوە...



**ڕۆژی ٢٢ی ئاب ٢٠٢٣ لوتکەی بریکس لە باشووری ئەفەریقا بەڕێوەچوو.**

**برێکس ئامانج لەرێکەوتنی بریکس چیە؟ ئایا لەبەرامبەر رێکەوتنی جی٧ دروستبووە؟ یان دابەشبوونێکی ئابووری وسیاسی هێزە گەورە وتازەکانە؟**

**بەیار مستەفا:** بریکس کورتکراوەی وڵاتانی ناو گروپەکەیە کە بریتین لە: بەرازیل، ڕووسیا، هیندستان، چین و باشووری ئەفریقا. ئامانجی سەرەکی گروپەکە بریتیە لە هاوکاری ئابووری لە رێگای هاندانی بازرگانی زیاترو باشتر دەستڕاگەیشتن بە بازاڕەکانی ئەندامان بۆ گەشەکردنی زیاتر. لەهەمان کاتدا کارکردنە بۆ فرەجەمسەری کردنی جیهان.

دەتوانین بڵێین کە بەڵێ بریکس ململانێی وڵاتە زلهێزەکانی سیستەمی ئەمڕۆی ئابووری جیهان دەکات، بەتایبەتی وڵاتانی هاوپەیمانی جی حەوت. لە ئێستادا و بە تایبەتی دوای شەڕی ئوکرانیا، لە رووی سیاسیشەوە بوونەتە هێزێك بەرامبەر ئەو هێزەی رۆژئاوا دەیویست کۆی بکاتەوە لە دەوری خۆی دژی روسیا. پاش گەمارۆی ئابووری بۆسەر روسیا، بازاڕی بەینی وڵاتانی بریکس زۆر زیادیکردوە بەو هۆیەی کە رووسیا ناچار کراوە کە فرۆشەکانی بەرووی چین و هیندستان زیاد بکات. دراوی دۆلار، کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بۆتە دراوی یەدەگی جیهانی، بۆ ئەمریکا بۆتە چەکێك کە لە دوای جەنگی ساردەوە زۆر بەکاری دەهێنێت دژی نەیارانی.

زۆرێك لە وڵاتان لەم چەکە ئابووریەی ئەمریکا دەترسن کە رۆژێك دژی ئەوانیش بەکاربێت. بۆیە وڵاتانی بریکس پێیان وایە بەرژەوەندیان لاوازکردنی دۆلارە، وە پشتگیری زۆرێك لە وڵاتانی بەدەستهێناوە. لە کۆبونەوەی باشوری ئەفریقا ولاتانی ئێران، سعودیە، ئیمارات، میسر، ئەسیوپیا، ئەرجەنتین بانگێشت کراون کە بینە ئەندام، کە ئەم وڵاتانە خۆیان بە فەرمی داوای ئەندام بونیان کردبوو، هەرچەندە ئۆپۆزیسیۆنی ئەرجەنتین جارێ نارازین. بەڵام زیاد لە ٤٠ وڵاتی تر داوای ئەندام بوونیان کردوە، کە زۆرتین چاو لەسەر وڵاتانی ئەندەنوسیا، نیجریا و مەکسیکە کە لە




روی نفوزەوە گەورەن و لە رووی ئابوریشەوە کاریگەرن.

لە سەرەتاک سالی ٢٠٢٤ وە بریکس بریتی دەبێت لە ١١ وڵات، کە پێکەوە ٤٦٪ دانیشتوانی دونیا پێکدێنن، وە ٣٦٪ کۆی ئابوری جیهان لە ناو بریکسدا بەرهەم دێت. لەهەمان کاتدا ٨٠٪ یەدەگی نەوت لە وڵاتانی بریکسدا دەبێت. لەسەر وردەکاری لاوازکردنی دۆلار هیچ رێکەوتنێك بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام لەسەر ئەوە رێکن کە هەر وڵاتێك بەپێ توانا دراوی وڵاتانی بریکس بەکار بێنن لە بری دۆلار. بۆنموونە لە ئێستادا روسیا نەوت بە هیندستان دەفرۆشێت بە دراوی درهەمی ئیماراتی، سعودیە بۆ چین بە یوانی چینی، ئەرجەنتین هەندێك لە قەرزی سندیوی دراوی نێودەڵەتی بە یوانی چینی دەداتەوە هتد. بەهۆی قەبارەی گروپەکە لە ئایندەدا لەسەر هەر مەسەلەیەکی ئابووری هاوبڕیار بن، کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر بازاڕی جیهانی، بە کوردستان و عێراقیشەوە. ئەمەش ئەمریکا و ڕۆژئاوای بە گشتی زۆر نیگەران کردوە، کە ئەو قودرەتەی جارانیان نامێنێت.


# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.ne



# ناسیۆنالیزمی کوردایەتی و ئیسلامییەکانی کوردستان، تاوانیان لێدەچۆڕێت..!

نووسینی: حەسەن مارف

لە بەرامبەر هەلومەرجی نالەباری ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستاندا، هیچ دەربڕینێک نەماوە شایستەی پێناسەکردنی بێت. لە نێوان ناسیۆنالیزمە عەشایەری و کوردایەتییەکەی پارتی و یەکێتی، وەحشییەتگەری ئیسلامییەکانی کوردستان، بە حیزب و سەرجەم لەشکرێک لە مەلای کۆنەپەرست و سەلەفی و خاوەن تەکیە و داعشی و تاقمە کلک گرێدراواکان بە ئێران و تورکیا و وڵاتانی کەنداو، لەلایەک، و حکومەتە ناسیۆنال ئیسلامییە فاشی و نازییەکانی بەغداد لەلایەکی ترەوە، جەهەنمێکی واقیعییان بەڕووی خەڵکی دەستتەنگ و زەحمەتکێشی سەرجەم کوردستان و عێراقدا وەک کورەکانی ئینسان سوتاندن داخستووە.

تەنها چاوخشاندنێک بە ڕووی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکانی کوردستاندا، و هەواڵی تەنها یەک دوو ڕۆژ، ئەو دۆزەخەی کوردستان بەجوانی بەیان دەکات.

لە ڕۆژنامەی هاوڵاتییەوە؛ پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ئەو تۆمەتبارەیان دەستگیرکرد، کە بەیانی ئەمڕۆ هاوڵاتییەکی بە چەقۆ لە مەیدانی ئاژەڵان کوشت.

لە وێستگە نیوزەوە؛ شەوی ڕابردوو لە ناحیەی تۆپزاوا سەر بە شاری هەولێر، تێزاب بە منداڵێکی دوو ساڵاندا کرا و لە ئێستادا باری تەندروستی جێگیر نییە و لە نەخۆشخانەی ئێمرجێنسییە.لە ڕاپۆرتێکیتردا هاتووە، کە هەوڵدراوە تێزابەکە بکرێت بە قوڕگیدا.

لە ڕۆژنامەی هاوڵاتییەوە؛ دوێنێ هەینی لە چوار ڕوداوی جیاوازدا لە هەرێمی کوردستان، حەوت کەس کوژراون و سێی دیکەش بریندار بوون،

هەر لە ڕۆژنامەی هاوڵاتییەوە؛ وتەبێژی پۆلیسی سۆران لە بارەی کوژرانی دوو ژن لەلایەن هاوسەرەکەیانەوە ڕایگەیاند، ئەو پیاوەی کە ئەمڕۆ دوو هاوسەرەکەی خۆی بە چەکی جۆری تاپڕ کوشتوە، خۆی ڕادەستی هێزەکانی پۆلیس کردووە.

ئەم تاوانە قێزەوونانە تەنها لەماوەی چەندین ڕۆژی کەمدا ئەنجامدراون، کە لەڕۆژنامە و سۆشیالمیدیادا بەفراوانی هەواڵەکانیان بڵاوبۆتەوە.

دیارە تاوانی کوشتن و دزی و دەستدرێژی کردنی جۆراوجۆر، لە هەرێمی کوردستاندا، وەک دیاردەیەکی ئاسایی ڕۆژانەی لێهاتووە، ئەمەو لەپاڵ ئەم تاوانانەشدا، کەسانی هونەرمەند وهەڵسوڕاوی مەدەنی و ڕۆژنامەوانی، خەڵکی ئاوارەی سوریا و کورد و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و تورکی، لێرەولەوێ لە کاتی چونیان بۆ سەرکار و لە نێو خێزان و بەروبەردەرگای خۆیاندا، بەدەستی میت و ئیتلاعات و بەکرێگیراوەکانیان تیرۆر دەکرێن.

ئێستا وەکو ڕۆژی ڕووناک دیارە ئەم کوشتارە ئەنقەست و بەرنامە بۆ داڕێژراوانە، چۆن دەکرێن؟ و کێ ئەم تاوانانە ئەنجام دەدات؟ وە لە زۆربەی ئەم کەیسانەدا دیارە تاوانبارەکان لە کوێوە دێن و بۆ کوێ دەچن و چۆن داڵدەدەدرێن؟

تەنانەت تاوانبارانی لای پارتی، کراون بە بەرپرس و ڕاوێژکارانی سەرۆک و سەرۆکوەزیران و وەزارەتەکان، لای یەکێتیش بەرپرسی دەزگاکانی ئەمن و پۆلیس و کۆمیتەکانی یەکێتین. تەنانەت لەوەش واوەتر ڕۆشتووە، تاوانباران ئێستا وەزیر و ئەندام پەرلەمانن و لەشکرێک پۆلیس و ئاسایش و خزمەتکار لە خزمەتیاندایە. وە مزگەوتەکانیش پڕن لەو ڕیشپانانەی کە کارەکانی داعش لە کوردستان تەوادەکەن. دەنگی فەتوادەرانی کوشتنی ئینسانە ئازادیخواز و هونەرمەند و بێگوناحەکان، دەگاتە کەشکەلانی ئاسمان. وە تەواوی خەڵکی کوردستان دەزانن و ڕۆژانە گوێیان لەم فەتوایانە دەبێت، وە فەتوادەرانیش لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، پشتیوانی دەکرێن و لەشکری ئەنجامدەری تیرۆریان لەبەردەستدایە و پەروەردەیان دەکەن. سەرباری هەموو ئەمانەش، پارە و ئیمکاناتی ئەمانەش لەلایەن حکومەتی هەرێم و پارتی و یەکێتی، وبەکۆمەکی وڵاتە کۆنەپەرست و تیرۆرستەکانی ناوچەکە، بەتایبەتی ئێران و تورکیا و سعودییە وقەتەر وئەمەریکاوە فەراهەم دەکرێت.

لەپاڵ ئەم تاوانانەشدا، ڕۆژنییە تۆپبارانی شارە سنورییەکانی ئێران و تورکیا نەکرێت، درۆنەکانی تورکیا لە قوڵایی شارەکان و کێوەکانی پشت سلێمانی و پێنجوێن و تەنانەت لەودیو سیاجی فرۆکەخانەشەوە، کەسانی نەیارانی خۆیان دەکەنە ئامانج.

ئەمە تەنها پانۆرامای جەند ڕۆژەی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانە، ئێستا ئیتر، دەسەڵاتداران، وەک کارتێڵەکانی ئینسانکوشتن، وەک باندەکانی ئینسان ڕفاندن و گروپە تاوانکارییەکانی هاوشێوەی عەسابەکانی تەکساس، ( ئینسان کوشتن لایان وەک ئاو خواردنەوەی لێهاتووە )!

هەرچەندە خەڵکی کوردستان، بە دەیان دەردی ترەوە دەناڵێنن، وەکو بێ موچەیی و نەبوونی خزمەتگوزاری و بێکاری و ژینگەیەکی پیسی پڕ لە خۆڵبارین و بڵاوبوونەوەی دەیان و سەدان نەخۆشی کوشندە. سەرباری ئەمانەش ڕۆژانە بەبەرچاوی منداڵان و لە چەقی مەیدانەکان و کۆڵانەکاندا، گیانی ئینسانانێک سارد دەکرێتەوە و دەکوژرێت.

دەبێت خەڵکی کوردستان، لەبەرامبەر ئەم وەحشەتگەریی وکوشتوکوشتارەی خەڵکی بێدیفاع، بێدەنگ نەبن. سەرەتا دەبێت دەسەڵاتداران بە حیزبە گەورەکان ( یەکێتی و پارتی ) و پاشان سەرجەم حیزبەکانی ناو دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنە ساختەکان و گروپ و دامودەزگای بەرهەمهێنانی ئەم ترس و کوشتوکوشتارە، بە بەرپرسیاری یەکەم بزانن و یەخەی دەسەڵاتداران بگرن. لە دووبارە بوونەوەی تاواندا، هەر تاوانێک بێت، دەبێت نارەزایەتی و خۆپیشاندان بچێتە بەردەم دادگاکان و هەتا نەیەنە سەرخەت و سنورێک بۆ ئەم دەریایە لە تاوان دانەنێن، نابێت بهێڵرێت وا بەئاسانی شانی خۆیان لێخاڵی بکەنەوە. وە پاشان، دەبێت تاوانباران لە دادگای ئاشکرا و کراوەدا، دادگایی بکرێن، و تاوانی قورسی زیندانی هەتاهەتایی و کاری قورسیان پێبکرێت، وە دەبێت لە بودجەی دەوڵەت و حکومەت، بەشی چاکسازی و پەروەردەکردنی تەندروست تەرخان بکرێت، تا هۆشیاری زیاتر بڵاوبێتەوە و چیدی کەس دەستنەبات بۆ تاوانی کوشتن و ئازاردان و کردەوەی قێزەوون. وە دەبێت دامودەزگای قەزایی و پۆلیس بخرێتە خزمەت پارێزگاری لەهاوڵاتیان و دەرفەتی ئەم تاوانانە کەم بکرێتەوە.

دەسەڵاتدارانی کوردستان خۆیان تاوانباری سەرەکی ئەو کارەسات و ڕۆژڕەشییانەن کە بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتووە، لەڕاستیدا ئەوە بڕیار و جێگاورێگای خەڵکی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانە، دیاری دەکات کە ئەم دیاردانە بنەبڕبکرێن.

# لەیادی هاوڕێ "بەکر عەلی" تێکۆشەرو شاعیری بێبەشاندا

هاوڕێ بەکر عەلی شاعیر و رابەری ئاوارەو بێ خانەولانەکان... لە ساڵی ١٩٦٨ لە شاری سلێمانیدا چاو بە



دنیای زوڵم نابەرابەری هەڵهێناوە. بەکر عەلی زۆر زوو زوڵمی چینایەتی ناچاری خەبات و وەستانەوەی دەکات، زۆر زوو لەبەرەی خەڵکی هەژارو نەداردا دەوەستێت و دەبێتە هەڵسوڕاوێکی چالاک و تێکۆشەری نا وتن بە دنیای سەرەوخواری پر ستەم و نابەرابەری سەرمایەداری. لەساڵی ١٩٩٣ و لەگەڵ هاتنە ئارای مەسەلەی ڕوخاندنی خانوە بێ تاپۆکانی شاری سلێمانی هاوڕێ بەکر وەکو رابەرێکی ماندونەناسی بەرگری لە هاوڵاتیانی ئاوارەو بێ خانەو لانە، دەردەکەویت و دەبێتە سیمایەکی خۆشەویست و ناسراوی ناو ئاوارەکان و خەڵکی بێ خانەو لانە. دوای پشتیوانی لێبراوانەی یەکێتی بێکارانی ئەو کاتە لە خەڵکی بێخانەو لانە، هاوڕێ بەکر و ژمارەیەکی بەرچاو لەخەڵکی ئاوارەو بی خانەو لانە روو لە یەکێتی بێکاران دەکەن و بەکر عەلی ش دەبێتە یەکێک لە ئەندام و رابەرانی یەکێتی بێکاران. پاشان بەکر عەلی دەبێتە روخسارێکی ناسراو و خۆشەویستی بێبەشانی هەر جێگایەک کە ئەو هەڵسورانی تیادا دەکات... هەر بەوهۆیەوە بەکر عەلی دەبیتە یەکێک لە هەڵسوراوی یاد و بۆنە کرێکاریی و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان و یەکێک دەبێت لە وتار بێژانی ئاکسیۆنی شکۆداری یەکی ئایاری ساڵی ١٩٩٤ ی مەلعەبەکەی شاری سلێمانی...، لەو وتارەدا پەردە لەسەر زوڵم و ستەم و ژیانی ئاوارەیی هەڵدەماڵێت و ڕوودەکاتە بەرپرسان کەهەموو جێگایەکی شاریان بەشێوەی نایاسایی پاوان و دەست بەسەردا گرتووە، کەچی گوشار دەهێنن بۆسەر خیزانە ئاوارەکان کە لەناچاری و بەهۆی نەبوونیەوە خانوی لە گڵ و لە لەوح دروستکراویان کردۆتە شوێنی نیشتەجێ بوونیان. لێبراوی و تیکۆشانی بەکر عەلی بۆ وەستانەوە بەرووی روخاندنی خانوە بیتاپۆکانی شارو حامیەی سلیمانی، رۆڵی رابەری و پێشرەوی ئەو بەکر عەلی دەکاتە خۆشەویست و جێگا متمانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و نەداران و خەڵکی بێخانەو لانەو ئاوارە، هاوکاتیش دەبێتە چقڵی چاوی ستەمکاران و تاڵانچیانی کوردایەتی. بۆیە جگە لە هەرەشەو چاوسورکردنەوەی دەسەڵاتدارانی سلێمانی، چەندین جار دەستگیری دەکەن و هەرەشەی کوشتنی لێدەکەن بۆ وازهێنان لەپشتیوانی و تیکۆشانی لە خەڵکی ئاوارەو بیخانەو لانە، بەڵام باوەری بەکر عەلی بۆ ئاڵوگۆر و باشترکردنی ژیانی هەژاران و نەدارانی کۆمەڵگە، ئەو سورتر دەکات لە خەبات و تێکۆشان و گرتنەبەری ریگای ریکخستنی نارەزایەتی جەماوەری و رابەری کردنیان... تا لە رۆژی ٩/١٩٩٤/١دا، لەکاتی رابەریکردنی خۆپیشاندان و رێپێوانی ئاوارەو بێ خانەو لانەکانی حامیەدا، دەدرێتە بەر دەستڕیژی گوللەو دوای ئەوەی بریندار دەکرێت، بەدەستی قارەمانەکانی کوردایەتی و پارێزگارەکانی پاریزگای سلێمانی ئەو کاتە، دەکوژرێت و دڵە پڕ هیواو ئومێدەکەی لە جوڵە دەخەن. شایانی باسە بەکر عەلی تەنها رابەرو هەڵسوراوێکی خەڵکی کرێکارو هەژارو نارازی نەبوو، بەڵکە ئەو شاعیرێکی هەست ناسک و یاخی و خۆشەویستی بوو. خاوەنی چەندین هۆنراوەی ناوازەو جوانە و هۆنراوەکانیشی پڕن لە نیشاندانی نابەرابەری چینایەتی و رەخنە لە چینە داراکانی کۆمەڵگە.


یادو بیرەوەری خەباتکارانەی بەکر عەلی، نەک هەر لەبیرناچێتەوە، بەلکو تا ستەم نابەرابەری هەبێت، تا بێکاری و گرانی و بێخانەو لانەیی بمێنێ... بەکر عەلی رەمزی تێکۆشانی ئەوانە و بیروەرییە خەباتکارانەکانی سەرمایەکی پر بەهایە بۆ تێکۆشەران و رابەرانی بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری و داینەمۆی وزە بەخشە بۆ ئاوارەکان و خەڵکی بێخانەو لانە. وە هۆنراوە ناسکەکانی، کە لێوان لێون لە راستگۆیی و خۆشەویستی، وەکو وێردی سەر زمانی عاشقان و خۆشەویست دۆستان بەزیندووی دەمێنێتەوە...

**بەرزو بەرێز بێت یادی هاوڕێی گیان بەختکردوو بەکر عەلی...**

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە**

# سۆزو میهرەبانی کچێك باوکێك لە مەرگ ڕزگار دەکات!

ئەم وێنەیە بەدەست کێشراوە و بە ٣٠ ملیۆن یۆرۆ فرۆشراوە. لە وێنەکەدا دیارە کە ژنێکی گەنج شیری خۆی دەدات بە پیاوێکی پیر. ئەم شاکارە باس لە پیاوێکی بەتەمەن دەکات کە لەسەر دزینی پارچە نانێک لە سەردەمی پاشا لویسی فەڕەنسادا، سزای بەسەردا سەپێنراوە بەوەی کە دەبوایە لەبرسان بمرێت و کەس بۆی نەبووە خواردنی بداتێ. کابرا پیرە تەنیا کچێکی هەبووە و هەر ئەو کچەش بۆی هەبووە لە زیندانەکەدا سەردانی بکات، بەومەرجەی بەهیچ جۆرێک خواردنی نەداتێ. پاش ٤مانگان، دەبینن کە هێشتا پیاوەکە نەمردووەو وەزنیشی هیچ لەدەستنەداوە.



بۆیە لێی وەگومان دەکەون و بڕیاردەدەن کە چاودێری بکەن بزانن مەسەلە چی یە. دەرکەوت کە هەرکاتێ کچەکەی دێتە سەردانی، لە شیری مەمکی خۆی و لە بەشی منداڵەکەی دەداتە بابیشی و ناهێڵێ لەبرسان بمرێ، تێری دەکات. بۆیە کە دادوەر ئەوە دەبیستێت، فەرمانی ئازادکردن بۆ پیاوە پیرەکە دەردەکات بەهۆی میهرەبانی و سۆزی ئەو تاقە کچەیەوە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ژنان چەندە بەسۆز و میهرەبانن و دەکرێ ئەوە وانەیەکی گرنگی مرۆیی بێت بۆ تەواوی مرۆڤایەتی...

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هاوژین ڕەشید**



پرسی ژن

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکیدا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە...


**بەرپرسی گۆشە: هاوژین ڕەشید**

haw1986zhin@gmail.com

؟

# هەرکەسێ بۆن لە خۆیدا و بۆ دەرەوە میکیاج کات، زیناکارە!

## نووسینی: هاوژین ڕەشید



ئەو تایتڵەی سەرەوە قسەی زۆربەی مەلایانەو دیارە ئەوانیش پشت دەبەستن بە حەدیسەکانی پێغەمبەری اسلام و دەقەکانی قورئان. بیهێنە پێش چاوی خۆت، بەو هاوین و گەرمایە، بەڕێگادا دەڕۆی و ئارەق دەکەیەوەو خەڵک بەتەنیشتتدا تێدەپەڕن، یان دەچیتە فەرمانگەیەک و بۆنی ئارەق و سیرو پیازت لێدێت لەجیاتی بۆنی خۆش و فرێش. خەڵکانێک کە لێتەوە نزیکن، لەجیاتی ئەوەی پێیانخۆشبێ قسەت لەگەڵ بکەن و زووتر کارەکانت بۆ ڕایی بکەن، بگرە بێزیان لێت دەبێتەوەو نایانەوێ جارێکیتر بتبیننەوە و لەکۆڵ خۆیانت دەکەنەوە. بێ گومان لەوانەشە باستکەن و بۆ هەمیشە ناوت بزڕێ و کەسایەتیت لەکەداربێ!! بەهۆی ئەو شێوازە ژیانەو تێکەڵبوونە لەگەڵ خەڵکیداو بۆن ترشەڵۆکییەی جەستەتەوە کە لەبەرئەوەی بە زیناکار دانەنرێی، چارەسەرت نەکردووە. مەلاکان بۆچی نایانەوێ ژن گرنگی بەخۆی بدات؟ ئەی بۆچی خۆیان بەردەوام جلی تازەو بۆنی خۆش و پاکو خاوێن دەچنە ناو خەڵکی و لە وتارخوێندندا ئاوا سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشن؟ دەتوانین بڵێین کە ئەوان، بەهەموشێوەیەک هەوڵدەدەن لە کەسێتی ژن بدەن، بەبیانووی شەرەف پارێزی یەوە. گوایا نایانەوێ ژن لە دەرێ سەرنج ڕاکێش بێت، بەڵکو دەبێ تەنیا بۆ مێردەکەی خۆی جوانکات. بەڵام خۆ تەنانەت ژنە پالاپۆشەکانیش سەرنجی نێری چاوڤاشقاڵ ڕادەکێشن! وە زۆرترین دەستدرێژی سێکسیش بەپێی داتاو زانیاریەکانی ڕێخراوەکانی مافی مرۆڤ، لەو وڵاتانەیە کە ژنان تێیدا داپۆشراون و خۆیان ناڕازێننەوە. ئەوەش پێمان دەڵێت کە شەرەف لە جەستەی ژندا نی یە، بەڵکو لە مێشکی تاکەکانی کۆمەڵگەدایە.

ئەگەر ژنێک خۆی دەڕازێنێتەوە و بۆنی خۆی خۆشدەکات، مەرج نییە ئیلا بۆ ئەوەبێ سەرنجی پیاوان بۆخۆی ڕاکێشێت. ڕەنگە بۆ ئارامی دەروونی خۆی ئەوە بکات. بۆچی دەبێ پیاوانی ئایینی هانی تەواوی پیاون بدەن تەماشایان بکەن وەکو کالایەکی سێکسی؟ دەبێ بەهەموجۆرێک کاربکەین بۆئەوەی ئەو بیرە داعشیە کۆنەپەرستی یە لە مێشکی خەڵکی بەگشتی و پیاوان بەتایبەتی دەرێنین و سنوورێک بۆ مەلاکان دانێنین و پێداچونەوەی سەرلەبەری یاساکانی باری کەسێت بکرێت کە لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام دانراون. وەکو مرۆڤ تەماشاکردنی یەکتری و ڕێزگرتن لە هەستو نەستی بەرامبەرەکەمان، باشترین شەرەف و ئەخلاقی مرۆڤایەتی یەو لە سایەیدا ئارام دەژین...

❋❋❋❋❋

**جیاکاری لەدژی ژنان تایبەتمەندیەکی گرنگی دنیای ئەمرۆیە. لە بەشی هەرەزۆری وڵاتانی جیهاندا، ژنان بەڕەسمی و بە یاسایی تەنانەت لەو ماف و ئازادییە بەرتەسك و بێبایەخانەش بێبەشن کە پیاوان لـێی بەهرەمەندن. لەو وڵاتانەدا کە لە ڕووی ئابووریەوە دواکەوتوون، هەروەها لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دین و نەریتە کۆنەکان ڕیشەیەکی قووڵتریان لەنێو نیزامی سیاسی و ئیداری و کەلتووریی کۆمەڵگەدا هەیە، ستەمکێشی و بێمافی و ژێردەستەیی ژن بەئاشکراترین و قێزەونترین شێوە خۆی دەنوێنێ. لە وڵاتانی پێشکەوتووتر و مۆدێرنتردا و تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەشدا کە لەسایەی بزووتنەوەکانی لایەنگر لە مافەکانی ژنان و هەڵمەتە سۆشیالیستیە کرێکارییەکان جیاکاریی جنسی بەڕواڵەت لە بەشی هەرەزۆری یاساکاندا هەڵگیراوە، هێشتا ژنان لە جەرگەی میکانیزمی ئابووری سەرمایەداری و دابونەریت و بیروباوەڕە پیاوسالاریەکانی نێو کۆمەڵگە، بە کردەوە لەزۆر ڕووەوە دەکەونە بەر جیاکاری و ستەم...**

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر،وریای رەسام، حەکیم میرزا

# ئەڵوەنی مەزن!



نووسینی/ سوهیل زەهاوی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە/ هاوڕێ نەهرۆ

له شەوێکی درێژ و تاریک
له قولایی خەو، خەونم بینی
له کەناری شار دیلێك هەیە
ئەمە خۆمم له سەرەتاکان رادەمێنم
له تەنیایی سامناکم دا
خەیاڵی بیرکردنەوەیەکی دوورم هەیە
له ناکاو گڕی یادگاری هاتە ناومێشکمەوە
بە خەیاڵ زەنگە پاڵکەوتووەکانم وەئاگا دێنمەوە
بە هەڵگرتووی لەسەر شەپۆلی با هاتە ناومەوە
له دوورەوە
دەنگێکی جادوویی دێتە گوێچکەمەوە
دەنگی سەدای خڕەی ئاو دەبیستم
دەستم دەگرێ بەرەو ڕووباری ئەڵوەن
لەکەناری ڕووباری غەمگین دادەبەزم
لە ڕێرەوی ڕووبار دەڕوانم
بێ دەنگی باڵیکێشاوە بەسەر ئەڵوەن دا
لەسەر ئاوازی ئازارە خەمناکەکان
ئەڵوەنی مەزن دەبینم هەناسەی براوە
خەمناك وەك ماڵاوایی، کەنارەکانی چۆڵن
دەنگی ڕووباری دڵتەنگ دەتەقێتەوە
ئاخۆ کەس بەدەنگیەوە دێت.
ئەی ڕووباری ئەڵوەن سکاڵا مەکە
کەڵکی چی یە سکاڵای ئاهێك لە عەفرێتەوە
بەتەنیا نییت
له نیشتمانەکەم خەم ڕووبارەکانمان دەپێچێتەوە
جوگەکانمان، دەشتایەکانمان، چیاکانمان
ئەی ڕووبارەکەم، فریادرەسی خەمی لاوێەتیم
خۆزگە دڵی هەڵنیشتووت درك بەو پلانە بکا
کە لەئاستی تۆ دەچێنرێ
شەرئەنگێزەکان و ڕۆژهەڵات
دراوسێ یەکان پێکهاتن لەسەر ئەوەی بمانخنکێنن
چەندین جار شمشێریان دانا لەسەر گەردنمان
هەوڵیان دا سەرمان بپەڕێنن
ئەی ڕووباری ئەڵوەن
ئەمرۆ گەڕانەوە، کارەساتەکانیان زیندوو کردەوە
ئەی ڕووبار
چی دیکە ئاوەکەت ناگەڕێتەوە
سەرچاوەی هەڵقوڵاوت، دەرگایان لەسەر کلۆم لە دا
ئاراستەیان گۆڕی بەرەو جوگەو بەنداوەکان
شینایی و زەویان وشك کردەوە
لەکەنارەکانت دا گوڵەکان دەمرن
له هەردوو ڕۆخ دا، پاشماوەی ئێسکی ماسیەکان دەبینرێن
بۆ کێ گۆرانی بچڕن باڵندە باڵگرتووەکان ؟
گۆی گیا وشك بوو، سەوزایی نەما
هەتا دوێنێ باغچەیەك بوو لە سەوزایی و گوڵ
بۆنە خۆشەکەت لە کوێ یە، بای دڵرفێنت له کوێ یە !
ئەمرۆ
تەنانەت بەردیش له وێرانەیی قورتاری نەبووە
دزەکان قەیسارە جوانەکەتیان رفاند
باڵندەکان لەسەر ئاوازی سەمایان دەکرد
ئاسۆ پڕ دەکا لە سەدای هەستی هەڵقوڵاو
لە ڕابوردووی نزیك دا
لە ڕووباری شیرینم دەنگ دانەوەیەك بوو، دڵی دیل ئەکرد
چی دیکە ئەفیندەرانت هاژەی دەنگت نابیستن
له دوورەوە
لەکەناری ڕووباری خەمناك دیلی هەیە
له بەرزبوونەوەی نیشتنەوەدا
له چاوانم دا دڵدانەوەیەکی قوڵ هەیە
بەرد لەگەڵما دەگری
فرمێسکەکانمان ڕژایە نێو ڕووبار
واتەزانی بارانە له ئاسمانەوە دەباری
بەدرێژایی زستان
له داکشان ڕاناوەستێ
ئەمە ئەڵوەنە هەڵدەکشێ
هەناسە برکییەتی !!
له دوێنێ دا  ئاوەکەی دەرویشت وێرای کۆسپەکان
شەپۆلەکانت ئەدا لە بەردەکان
له هاوین دا جوانیت وەك بەهار
ئاوێکی پاکژ هەڵدەقوڵی
ئاوی کەوسەر بوویت لەسەر زەوی
ئاوی ئێمەی ئاوی کێڵگەکانمانت ئەدا
لە گڕەی هاوین، تۆ شوێنی حەوانەوەمان بوویت
له دوێنێ دا بانگێشتی ئاسمان بوویت
قوڵەکانت بۆ ئێمە کردبووەوە
دەتگرتنە باوەش
دادەنیشتین، مشت و مڕمان دەکرد، کاتمان بەسەر دەبرد
بۆ ئێمە کانگای بیر بوویت
ئەی ڕووبار
لەهەرزەکاریم دا شەیدای هاژەی و
نرکەی شەپۆلەکانت بووم
ئەگەر دوور بکەوتایەتەوە
تاسەو ئەڤینت دەمانکێشایە لای خۆت.
له دڵمان دای هەتا مردن
لە ئاگایی و خەومان دا
ئاوازی دڵرفێنت دەبیستین
لە ژێر سێبەری پان و پۆرت دا چاومان بەیەک دەکەوت
بۆ ئێمە ئەو تیشکە بوویت لە شەواندا ڕۆشنمان دەکردەوە
من و هاورێیەکانم و دەستەکە لە لاوان
لە کەنارەکانت پیاسە دەکەین و کات بەسەر دەبەین
وەرس بووین ئەی ڕووباری خۆشەویست
چی بکەین بۆ ئەوەی تینیەتیمان بشکێنین
لە گەرمای ڕۆژدا
ئەی ڕووباری شیرین وەرس مەبە
وەرسی دەمانخنکێنێ
لێمگەڕێ بسوڕێمەوە لە کەنارە وشکەکانت
پەردەکەت بە خۆراگری دەمێنێتەوە وێرای وشکی
باسی چیرۆکەکانی ئێوارانی بەهار دەکا بۆ نەوەکان
باسی مانگی هاوین دەکا کە چۆن ڕووخسارت ڕۆشن دەکاتەوە
لافاوی زستانت دەڕژایە کوڵانەکانی شار
چەندین جار بە تاسەی گڕگرتوو خەونم پێتەوە بینیوە
چەند ئازار بەسەرما زاڵ بێ.
برینەکانمان بکولێتەوە
ئەی ڕووباری شیرین
دەنگدانەوەت وەك زەنگ لە گوێچکەم دا دەمێنێتەوە
هەردوو کەنارە خەمبارەکانت دەپێوم
پاشماوەی دەنگت لە بەردەکان دا ، کۆدەکەمەوە
دەنگت لە گەڵما دەمێنێتەوە
لە کازیوەو خۆرەزەردەی ئێوارانداا.......

# له داربەڕوێکی قژڕوتاوەی کێوی (لەرێ)وە بۆ هەموو سەرانی کورد..



** ئێوە عەیامێکە لە خۆتان باییبوون، پرس و ڕاتان بە ئێمە نیە، هەر لە بیریشتان نەماوە کە ئێوە، بە ئێمەوە ئێوە بوون و ئێوش ئەبن، لە بیرتان چۆتەوە ئێمە زۆر لە پێش ئێوەوە خاوەنداریێتی ئەم خاکەمان کردوە، زۆر زوو خۆتان گێلکرد لەوەی کە، وەختێ ئێمە لێرە بووین ئێوە ناوتان لە کولەکەی تەریشا نەبوو، ئەی هەر ئێمە نەبووین لە هەموو شکست و پشت شکانێکی ئێوەدا لەگەڵتان بووین و پاڵتان پێوەداین؟!

بەڵام ئێستا چیی؟..

ئێستا ئێوە گیرفانتان پڕپڕە و ئێمە کلۆر بووین، ئێوە سەرحاڵن و ئێمە تینوو، ئێوە تادێت زیاتر لوتبەرز ئەبن و ئێمە ئەسووتێن، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ منداڵی ئێوە زیاتر ئەدرەوشێتەوە و دەوەنەکانی ئێمە باشتر دائەڕزێن، ئێوە باڵەخانە دروست ئەکەن، کەچی بستێک لەولاتر پشتی بەرد ئەشکێ، ئێوە لە مەلەوانگە جووت ئەبن، وەلێ هەنگاوێک ئەملاتر ئاگر لە کانی بەرئەبێ، ئێوە بەسەر فەرشی سووردا تەراتێن ئەکەن، بەلاّم گوریسێک ژوورتر ئەژنۆی شاخ ئەلەرزێ..

بەهۆی سیاسەتی گیرفان و ناوگەڵی ئێوەوە، ئەوەتە کوردستان کرا بە توێشوی دۆزەخەوان!

دەست لە بێباکی هەڵگرن وەگەرنە، قەسەم بە ڕەگوڕیشەی لەبن نەهاتووی خۆمان لەمرۆ بەدوا.. ئێوە ئەگەر دانە دانە له باوەشماندا گڕبگرن، ئێمە لەبری خامۆشکردن، ئاگرەکە خۆشتر ئەکەین.

---

* کێوی لەرێ: بەرزترین و گەورەترین کێوی ناوچەی شارباژێڕە، له سنووری پارێزگای سلێمانی.

* گوریس: واژەیەکی کوردیە بە واتای حەبل، یاخود پەتێکی لە بەن دروستکراو دێت، درێژیەکەی دە بۆ دوانزە مەتر و زیاتریشە.

* توێشو: بەو خواردن و خواردنەوە کاتیە ئەوترێ کە، شوانەکان یاخود ڕێبوارانی ڕێ لەگەڵ خۆیان هەڵیئەگرن

**نووسینی: ئارام حەسەن**

## بۆ ئەوەی سەریان درێژ بێت

وێنەی کەلە سەرێک کە سەدان ساڵە پێش ئێستا هەبووەو ساڵی ١٩٢٨لە پیرۆ دۆزرایەوە. ئەو شێوازە لە شارستانیەتی Paracas Peninsula پەیڕەوکراوە. لەوکاتەدا وا باوبووە کە کاتی منداڵ لەدایکبووە کاسەی سەریان بە پەڕۆ پێچاوە بە توندی سەری ئاوا درێژکۆلە بێ.





# سۆشیالیزم و ئایین!

نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە

## سۆشیالیزم و ئایین!

## سەرەتا

هەر تەنها وتارە سیاسیە ئینسانیەکان ناتوانن ڕێگای بەدی هێنانی ئاوات و ئارەزووە ئینسانیەکان نیشان بدەن. بەڵکو بابەتە تیۆریەکانیش دەستی ئینسان دەگرن لەم ڕێگایەدا، بۆیە ناکرێ ئەم لایەنەش فەرامۆش بکرێ و جاروبارپێویست دەکا دەرگای ئەم لایەنەش بکەینەوە.

سۆشیالیزم چەمکێکە زۆر لایەنی چەپ وکۆمۆنیست خۆی بە خاوەنی دەزانێ و بە ئامانجی خۆی دەزانێ، بەڵام مەرج نییە هەڵگری سیاسەت و بەرنامە و تیۆریەک وپراکتیکێک بێت کە بەو ئامانجەی بگەیەنێ. ئەمەش مەبەستی نوسینەکەی من نییە لێرەدا، بەڵکو زیاتر ئەوەیە کە بڵێم سۆشیالیزم چییە و جێگاو ڕێگای ئایین چیە لەم نێوەدا لە ڕوانگەی منەوە؟.

## سۆشیالیزم

سۆشیالیزم قۆناغی دوای سەرمایەدارییە، هەوێنی ئەم قۆناغە لە ناو هەناوی سیستەمی ئەمڕۆدایە، دینامۆی گۆڕینی ئەم قۆناغەی سەرمایەداری بۆ سۆشیالیستی هەمان ئەو دینامۆیەیە کە قۆناغەکانی تری گۆڕی لە کۆمۆنەی سەرەتایەوە بۆ کۆیلایەتی ولەویشەوە بۆ (فیۆداڵی) دەرەبەگایەتی و لەویشەوە بۆ سەرمایەداری وکۆڵۆنیاڵی و ئیمپریالیستی. ئەو دینامۆیەش پێشکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێنان و تەکنۆلۆجیایە. لە هەر سەردمێکدائەم پێشکەوتنە گەیشتبێتە ئاستێک لەگەڵ پەیوەندیەکانی بەرهەم هێناندا زۆرترین ناکۆکی هەبێ، ئەوە بووەتە هۆی شۆڕش و قۆناغی کۆنی کۆتایی پێ هێناوەو سیستەمی پێش خۆی گۆڕیوە.

ئەمڕۆش هۆیەکانی بەرهەمهێنان وتەکنۆلۆجیا لەم قۆناغەی سەرمایەداریەدا بە ئاستێک گەیشتوە کە زۆرترین ناکۆکی پەیدا کردوە لەگەڵ پەیوەندیەکانی بەرهەم هێناندا. بە جۆریک کە بەرهەم هێنەر خۆی بێبەشە لەو سەروەت و سامانەی کە خۆی دروستی دەکات. هەر ڕۆژە زیاتر سەروەت سامان دەکەوێتە دەست کەمایەتیەکی زۆر کەمەوە بەهەمان ڕادەش هەژاری فروانتر دەبێتەوە و خەڵکی هەژارتر دەبن. ئەمڕۆ ئیتر قۆناغی سەرمایەداری پیر بووە و تووشی سەدان دەردونەخۆشی هاتوە کە گرنگترینی ئەوانە قەیرانە ئابوری و فیکریەکانیەتی کە چارەسەریان نییە. ئەمڕۆ سەردەمی شۆڕشی سۆشیالیستیە.

چەندین شۆرش و ڕاپەرین ڕووی داوە بۆ گۆڕینی سیستەمی سەرمایەداری لە سەراسەری جیهاندا بە درێژایی مێژوو، بەڵام نەیانتوانیوە بە سەرکەوتنی یەکجاری بگەن وەک شۆڕشی " کۆمۆنارەکانی پاریس ساڵی 1872" و شۆرشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا ساڵی 1917" و شۆڕشەکانی چین و ڤێتنام و کوبا..هتد، وە هەروەها وشۆرشی ئێران لە ساڵی 1979 دواتر بزووتنەکانی 99 لەسەدیەکانی وولاتانی ڕۆژ ئاوا وشۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی وە لای خۆشمان لە کوردستان بزووتنەوەی شوراکانی ساڵی 1991و ڕاپەرینە جەماوەریەکەئ 17 شوبات، ئەمانە بەشێک لەو شورش و ڕاپەڕینانە بوون کە دەیانویست ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ کۆتایی پێ بێنن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، هەرچەندە دەستکەوتیان هەیە لە هەمان کاتدا ئەمانە تروسکایی شۆڕشێکی گەورەترن کە قۆناغی سەرمایەداری پێ بگۆردرێ بۆ سۆشیالیزم، واتە بۆ بەدیهێنانی سیستەمێک کە سەرجەم ئینسانەکانی کۆمەڵگە بەهرەمەند بن لە سامان و سەروەتی خۆیان و بەرهەمهێن خاوەنی بەرهەمی خۆی بێ چیتر خۆشگوزەرانی بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بێ، نەک بۆ کەمایەتی سەرمایەدار. هەموو کەس ئازاد و یەکسان دەبێ لە هەموو مافێکی ئابووری وکۆمەڵایەتیدا. عەدالەتی کۆمەڵایەتی تەنها لەم سیستەمدا بەدی دەکرێ، نەک لە ناو سیستەمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداریدا. هەرچەندە ئەم شۆڕش و ڕاپەرینانە بە ئامانجی خۆیان نەگەیشتن، بەڵام گەلێک دەسکەوتیان بەدیهێناوە وەک داسەپاندنی گەلێک چاکسازی ئابوری و سیاسی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بەسەر دەسەڵاتی بۆرژوازیدا، لەگەڵ ئەمەشدا بزوتنەوەیەکی موتڵەقە بە بەردەوامی لە ئارادایە بۆ گۆڕینی تەواوی ئەم سیستەمە ناعادیلانەی ئەمڕۆ.

ئەوەی شایانی وە بیر هێنانەوەیە ئەوەیە کەتەنها شۆڕش و بزوتنەوە یەکسانیخوازەکانی سەردەمی سەرمایەداری نەبوون کە سەرکەوتنی یەگجاریان بەدی نەهێناوە. لە قۆناغەکانی پێشوو تریشدا چەندین جار شۆڕش وڕاپەڕین کراوە و سەرکەوتوو نەبوون، لە قۆناخەکانی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتیشدا بە نموونە جا بەهۆی کەمی ئاستی هۆشیاری و کەم ئەزمونی و نارێکخراوبونەوە بووبێت یا بە هۆی بە هێزی دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستەوە بووبێ. کاتێ " شۆڕشی کۆیلەکان بە ڕابەری "سپارتاکۆس" لە سەردمی قۆناغی کۆیلایەتیدا نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ، بەڵام دواتر ئینسانەکانی ئەو قۆناغە توانیان شۆڕش بە سەرکەوتن بگەیەنن، بۆ شۆڕشی بۆرژوازیش هەمان سەرنەکەوتن و سەرکەوتن ڕووای داوە، بەڵام سەرئەنجام شۆڕشەکانیان سەرکەوتوو بوون بۆ نموونە شۆڕشی گەورەی فەرنسا 1779 ، " ڕینسانس" و ڕاپەرینی سەدەکانی ناوەراستی خەڵکی ئەوروپا بە دژی دەرەبەگایەتی و کلیسا یاساو کۆلتورە دینیەکان، بۆرژوازی توانی تەخت و تالاری دەربەگایەتی بلەرزێنی لە ئەرزی بدات، بۆ شۆرشی سۆشیالیستیش هەر بە هەمان شێوە دەبێ و سەرەنجام سەرکەوتوو دەبێ، بە سوود وەرگرتن لە دەرس وئەزموونی شۆڕشەکانی پێشوو تر. ئەمە خەیاڵات وخەو و وەهم نییە وەک ئەمڕۆ پروپاگەندەی هێزە کۆنەپەرستەکانی بورژوازی جیهان سەدەها ملیار دۆلاری ساڵانە بۆ خەرج دەکەن تا ئەو پروپاگەندەیە بکەنە زەهنی خەڵکی بەشمەینەتی دونیاوە، بەڵکو ئەوە دەبێتە ئەمری واقیع بە مەرجێ هێزی شۆڕش کە پرولیتاریایە بە پراکتیکی خۆیەوە ئامادە بێ لە ڕووی هۆشیاریەوە بە تیۆری مارکسیزم چەکدار بێ ئەمەش بە ئەرک وتیکۆشانی ڕابەرانی کۆمۆنیستی دەکرێ.

لە قۆناغە چینایەتیەکانی تریشدا هێزی کۆنەپەرست، گوڕینی قۆناغەکە و شۆڕشەکانی بە خەوو خەیاڵ ووەهم نیشانداوە، بەڵام سەرەنجام بووەتە ئەمری واقیع و شۆرش کراوە سیستەمیش گوڕاوە.

جێگاو ڕێگای ئایین چیە لەم نێوەدا؟ ئایا ئایینەکان ئازاد دەبن؟ ئایا خەڵک ئایینی دەبێ لە قۆناخی سۆشیالیستیدا؟

ئایین دەستکردی ئینسانی داماوە کاتی خۆی ئینسان لە نێهینیەکانی سروست تێ نە ئەگەیشت ومردن وەک کارەساتێکی ناخۆش بوو بیری لە دروست کردنی ئایین کردەوە، کاتێ کۆمەڵگەی چینایەتیش دروست بوو ئایین کرا بە کۆڵەکەی مانەوەی دەسەڵاتی چەوسێنەر، شۆڕشەکانیش کە ئەنجام دەدران لەیەک کاتدا دژی دەسەڵات و دژی ئایینیش بوون، شۆڕشەکانی بورژوازی بەسەر دەرەبەگایەتیدا بە ڕەخنە لە دینەوە دەستیان پێکرد واتە بە پشت بەستن بە فەلسەفە ماددییەکان ڕابەرانی شۆڕش خەڵکیان هۆشیار دەکردەوە شۆرشی فەرەنسا وڕێنسانس بە نموونە.

ئەمڕۆش دەبینین دیسانەوە ئایین بوەتە کۆڵەکەی نیزامی بورژوازی و ساڵانە سەدان ملیار دۆلار لە بودجەی وڵاتە سەرمایەدارەکانی بۆ دائەنرێ بۆ ئەوەی وەک کۆڵەکەی ئەم نیزامە چەوسێنەرانەیە بێ وە بتوانن خەڵک ڕازی بکەن کە شۆڕش نەکەن، تا ئێستاش بورژوزای توانیویەتی لەم هەوڵەیدا سەرکەووتو بێت، بەڵام تا ئاخر ناتوانێ سەرکەوتوو بێ، سەرەنجام ئەویش شکست دێنێ. بەبێ ڕەخنە لە دین لەم سەردەمەشدا شۆڕشەکان سەرکەوتوو نابن، چونکە دین بە هێزترین کۆڵەکەی مانەوەی ئەم سیستەمە زاڵمانەی سەرمایەدارییە.

هۆکاری مانەوەی ئایینش ئەوەیە کەجیاوازی چینایەتی هەیە، کە دەوڵەمەندو هەژار هەیە، کە کۆلتوری تەماع وڕاکردن بە دوای خۆشگوزەرانی و قازانج و سەرمایەدا هەیە. لەم جۆرە سیستەمدا زۆربەی خەڵک تووشی بێ هیوایی دەبێ کە دەستی ناگا بە رفاه و خۆشگوزرەانی، بۆیە بەو ئیدعایەی دین باوەر دەهێنێ کە ئەم دونیایە هیچ نییە و کاتیەو خۆشیەکانی ژیان هیچ نییە بابێبەشیش بن لێی، بەهەشتی دوای مردن رفاە و خۆشگوزەرانی هەتاهەتایی دەست دەکەوێ، واتە ئەرکی دین ڕازی کردنی خەڵکە بەم بارۆدخەی ئێستا وەک تلیاک دەرخواردی خەڵکی دەدرێ، بۆیە دەبێتە کۆڵەکەی مانەوەی سیستەمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری. ئەگەر لە کۆمەڵگەدا ئینسانەکان یەکسان بن وخۆشگوزران بن، بێ هیوا نابن تا چاوەڕێی مردن بکەن و هیواکانیان لە بەهەشتدا بێنە دی، ئەمە لە دونیای سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمدا بە یەکجاری دێتە دێ. هەرئەمرۆ نموونەی زۆر هەیە لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا ڕاستی ئەم قسەمان بۆ بسەلمێنێ، لە هەر وڵاتێکدا کەمێک خەڵک خۆشگوزەران بن و دەرامەتی ژیانیان ڕووی لە سەرەوە بێ لە ڕووی ئابوریەوە ئەوا کەمتر خەڵک باوەر بە ئیدیعاکانی دین دەهێنێ. لە وڵاتیکی وەک "نەرویج" کە ئاستی گوزەرانی خەڵک باشترە لە چاو زۆربەی وڵاتانی دونیا لە 75% خەڵک باوەڕی بە دین نییە، کەچی لە وڵاتێکی وەک "بەنگلادیش" کە ئاستی گوزەرانی خەڵکی لە خوارترین ئاستیدایە، ڕێژەی بێ دینی ناگاتە لە 1% یش، لە عێراقیش نزیکەی لە 10%یە بە پێی ئامارە نێو دەوڵەتیەکان.

بنەمای یاساو بەرنامەکانی ئایین کۆمەڵگەی چینایەتی تی ناپەڕێنێ واتە ئەگەر کۆمەڵگە ئینسانی ستەمکار و ستەملێکرای تیا نەما، ئەگەر دەوڵەمەند و هەژارو گەدای تیا نەما، ئەگەر دزی و گەندەڵی و چاو چنۆکی تیا نەما، ئەگەر تاوانبار و تاوان لێکراوی تیا نەما، ئەگەر چەوساندنەوەی ئینسان لە لایەن ئینسانەوەی تیا نەما، ئەگەر ئارامی و ئاسایشی تیا دامەزرا ئەگەر کرێکاران و زەحمتکێششان و ژنان و مناڵان و لاوان بە سەرجەمی مافەکانی خۆیان بگەن، ئەو کاتە ئایین هیچ زەرورەتێکی نامێنێ بۆ خۆی دەپوکێتەوە، چونکە هیواکانی ئینسان لەم ژیانەدا بۆی دێتە دی. دیارە سۆشیالیزم بۆ ئەوەیە ئەو بارودۆخە بە سەرەنجام بگەیەنێ وئینسانەکان یەکسان بکات لە هەموو ڕوویەکەوە و ئەوە مانای واقعیەتەکەیەتی، ئیردەای ئینسان بۆ ئینسان بگەڕێنێتەوە و هیواکانی ئینسان بەدی بێنێ.

هەموو ئایینەکان بۆ ئەوە دەست بەکارن کە ڕێگە بگرن بارودۆخێکی لەم جۆرە بێتە دێ. تا بۆیان بکرێ نیزامی زاڵمانەی چینایەتی توند ڕادەگرن، لەهەمان کاتدا ئایین ڕەواج و بازاڕی ئەبێ. وە کۆمەڵگە پڕ لە زوڵم و چەوساندنەوە دەبێ، تا بۆیان بکرێ هەوڵ ئەدەن کۆمەڵگەی چینایەتی بمێنێتەوە، جیاوازی چینایەتی و ڕەگەزی هەر ببێ. ئەگەر ئەم قۆناغە بگۆڕدرێ، ئەوا ئاین ئیفلیج دەبێ و بە چۆکدادەکەوێ بۆیە تا دونیا هەیە دەبێ ئایینەکان ڕێگری بکەن لە

گۆڕینی بارو دۆخەکە.

ئایینی ئیسلام بەنموونە وەربگرین باشترە، چونکە زۆربەمان شارەزای یاساکان و ئەرکانەکانی ئەم ئایینەین وە زۆریک لەلایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە ئیسلامی سیاسیەوە بگرە، تا بە دەسەڵاتداران دەگات تابە بە ئۆپۆزسیون و بەشێک لە حیزبە چەپەکانیش دەگات، دەیانەوێ وەک سەوابت بە خەڵکی کوردستانی بناسێنن، ئەنجا داوای یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیش دەکەن! ئەو ڕاستییە دەشارنەوە کە یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەبێ ڕووخانی سیستەمی سەرمایەداری و کۆڵەکەکانی هەرگیز بەدینایەت. وەدەیانەوێ ئیسلام بە عەدالەتخواز و یەکسانیخواز نیشانی خەڵک بدەن، تەنها دەیانەوێ خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکەوە.

لە ئیسلامدا دوعا ونوێژ، ڕۆژو، حەج، زەکات و سەرفیترە و خێرو سەدەقە و قوربانی بووەتە بنەماو ئەرکان و فەرزو سوونەت لەسەر هەرکەس پێویستە ئەمانە جێبەجی بکات. ئەمانە بە حساب عەدالەتخوازی ئەم ئایینەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەمانە بۆ ڕاگرتنی گۆڕینی بارودۆخی ئەمرۆیە.

لە کۆمەڵایەکدا ئەگەر ئینسانەکان یەکسان بن و لە ڕووی ئابوریەوە هیچ جیاوازیەکی چینایەتی نەما، زەکات و سەرفیترە بەکێ ئەدرێ؟ کەسێک نامێنێ هەموو وەک یەکن لە ئەوپەری خۆشگوزەرانیدان، خێر و قوربانی بۆ کێ ئەبرێ، کەسێک نییە خێر وسەدەقەو سەرفیترەی شیاو بێ، لەم بارەوە دین پێویست نابێ ئیتر، ڕۆژو و گرتن لە سیستەمی ئیسلامدا بۆ ئەوەیە کە موسڵمانەکان بزانن حاڵ و وەزعی خەڵکی هەژار چۆنە!!، چونکە خەڵکی هەژار 12 مانگی ساڵی برسیانە با سەرجەم خەڵک بۆ ماوەی 30 ڕۆژ بەشداری ئازاری هەژارەکان بن! ئەگەر خەڵک یەکسان بوو، هەژارو دەوڵەمەندی نەما، ئیتر خەڵک بۆ ڕۆژوو بگرێ تا لە ژیانی هەژاران تێ بگەن، چونکە هەژار نامێنێ. نوێژو وحەج و دوعا بۆ ئەوەیە خودا لە گوناهیان خۆش بێت و بۆ بەهەشتەکەی خۆی قەبوڵیان بکات، ( گوناهەکانیش زیاتر وەک درۆ کردن، بوختان کردن، دزی کردن، ئینسان کوشتن، ئازاردانی خەڵکی لە پێناو تەماع و پارەداو زینا کردن ...هتد) لە سوشیالیزمدا لە لایەکەوە زەمینەی ئەوە نامێنێ کە خەڵکی ئەو گوناهانە بکات لە لایەکی ترەوە کۆلتورێکی ئینسانی خۆی زاڵ دەکات کە هیچ کەس بیر لە گوناە و تاوانکردن نەکاتەوە، خەڵکی پێویستی بە دزی کردن نامێنێ، پێویستی بەبوختان بەدرۆ کردن نامێنێ، هیچ بیانوویەک نییە بۆ خەڵک کوشتن یا ئازاری جەستەیی و ڕۆحی خەڵک بدات. کەوایە ئیتر خەڵک کارێک ناکا بۆ ئەوەی خودا لە گوناهیان خۆش بێت ئیتر پێوست بوونی نویژ و حەج و دوعاش نامێنێ. بەم شێوەیە ئەو خورافە ی ئەمرۆ کە ڕیشەکەی لە زەمینەی باردۆخی ئەمرۆدایە لە سۆشیالیزمدا، نەک هەر دەسکەنە دەکرێ، بەڵکو ڕیشەکێش دەکرێ.

پووکانەوەی دین لەسوشیالیزمدا بە زەبروزەنگ نابێ، بەڵکو بە لە دەستدانی پێویستیەکانی بوونی دەبێ، لە سیستەمی سوشیالیستیدا هەموو دینەکان ئازادن، هەموو کەسێکی دیندار هەمان ئەو مافەی هەیە کە کەسێکی بێ دین هەیەتی لە بواری دەربڕینی عەقیدەی خۆی وپەیرەو کردنی دینی خۆی، هەروەها مافی یەکسانی هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە وەک بواری کارکردن بواری خۆ کاندید کردن بۆ دەسەڵات ومافی دەنگدان، تەواوی مافە سیاسی و کۆمەلاتییەکان وپاساییەکان. ئەوەی قەدەغە دەکرێ بۆ هەموو کەس، نەک تەنها بۆ دیندارەکان ئەویش کوشتنی ئینسانە چ لەلایەن تاکەوە بێ یا گروپ و یا ڕێکخراوی تیرۆریستیەوە بێ، ئەوەی قەدەغە دەکرێ زەوتکردنی مافی ئینسانەکانە لە لایەن کەسانی ترەوە. لە سۆشیالیزمدا فراوانترین ئازادی دەدرێ بە سەرجەم کۆمەڵگە کە لە هیچ قۆناێکی چینایەتیدا نەدراوە، چونکە ئازادی بەرەی پێشکەوتوخواز بەهێز دەکا، کۆنەپەرستی نەک هەر بێهێز دەکا، بەڵکو سەریشی دەخوا.

## دوا قسەم

هەندێ هێزو لایەن خۆیان بەسکۆلار و مەدەنی، عەلمانی دەناسێنن، کەچی دەسەڵاتێکیان ناوێ بەبێ سەوابتی ئیسلام، دڵنیابن ئەوانە نە سکۆلارن نە عەلمانی و نە یەکسانی و ئازادیان دەوێ نەلەناوبردنی گەندەڵی، تەنها دەموچاوەکان دەگۆڕن و هیچی تر (ئەگەر ئەوەشیان پێ بکرێ) چونکە یەکسانیخوازان ناتوانن بەبێ ڕەخنە گرتن لە ئایین وەک کۆڵەکەی سیستەمی گەندەڵی و چەوسێنەرانە، یەکسانی بەدی بێنن. بۆیە تەنها یەکسانیخوازەکان ئەوانەن کە دەیانەوێ ئەم دونیا پێچەوانەیە بگۆڕن، بە دنیایەکی باشتر ئەوەش سۆشیالیست خوازەکانن...

❋❋❋❋❋

# 27 ساڵ بەسەر تاوانی 31 ئابدا

## نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

ئەمساڵ، ٢٧ ساڵ بەسەر تاوانکاری ٣١ ئابدا، تێدەپەڕێت. تاوانکارییەک کە هەمیشە لەگەڵماندا دەژیت، بەجۆرێکی تر درێژەی هەیە، ئەگەری چەند بارەبوونەوەی ڕاستیەکی نکوڵی هەڵنەگرە. ٢٧ ساڵ بەر لەئێستا و لە درێژەو چوارچێوەی جەنگی دەسەڵاتی باڵەکانی بۆرژوازی کوردا و بەتایبەتیش لە جەنگی نێوان پارتی و یەکێتیدا، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پەلکێشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی سێدارەو سەنگسار و پارتیش پەلکێشی هێزە چنگ بەخوێن و فاشیستیەکە بەعسی کرد. هەر یەک لە پارتی و یەکێتی بۆ ڕاگرتنی باڵانس و باڵادەستی سیاسی و سەربازی خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا، دەستیان برد بۆ ئەو تاوانە لەبیرنەکراو و لێخۆش بوون هەڵنەگرە.

٣١ ئاب، باڵانسی هێزی گۆڕی، پارتی کردە هێزی یەکەمی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و بەکردەوەش هەردوو جغرافیای سەوزو زەردی کردە دوو زونی لێک جیاوازی سەر هەریمێکی بریندار و بێخاوەن.

تاوانی ٣١ ئاب، تەنها بیرەوەریەکی تاڵ نییە لە یادەوەری خەڵکی کوردستاندا، تەنها پێش لەشکری و خۆشخزمەتیەک نییە بە دوو ڕژێمی درندەی خەڵکی کوردستان، تەنها گۆڕینی باڵانسی هێز نییە، تەنها بە دوو زون کردنی هەرێمێک نییە، بەڵکو تاوانێکە کە تیایدا بە هەزاران ئینسان بوونە قەرەبروت، بەهەزاران ئینسان تیایدا کەم ئەندام و سەقەت بوون، بە دەیان هەزار ئاوارە بوون، بە هەزاران ماڵ وێران و خاپور کران، بەسەدان ئینسان لە ئۆپۆزیسێۆنی وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی ئۆپۆزیسێۆنی ڕژێمی عێراق و تورکیا، خەڵتانی خوێن کران یان دەستگیرو پاشان لە سێدارە دران، بە هەزاران ئینسان دوای بەدیل گیرانیان، بێ سەروشوێن کران و تا ئێستا نەک چارەنووسی ژیانیان، بەڵکو چارەنووسی گۆڕەکانیشیان ونە. ئەمانە لەلایەن بزوتنەوەی کوردایەتیەوە ئەنفال کران، بەڵام دیار نییە لەژێر کام تەپۆلکە و بناری چ شاخ و لە چ دەشتایەکی کورستانی عەزیزی پارتی و یەکێتیدا!!، ژێر خاک خراون. هێشتا کەس و کاری ئەو هەزار ئینسانە چاوەڕوانن بزانن باوک و براکانیان... نەک بەزیندووی، بەڵکو دوای مەرگیان، لە کوێن؟ پارتی و یەکێتی و هاوشێوەکانیان، کە فرمێسکی تیمساحی بۆ قوربانیانی دەستی بەعس و ئەنفال هەڵدەڕێژن، دەزانن زوربەی ئەنفال کراوەکان لە چ پێدەشتێکی لمیندا لەلایەن بەعسەوە بەکۆمەڵ لەگۆڕنران، بەڵام هێشتا خەڵکی کوردستان و خاوەن قوربانیەکان و بێسەروشوێنەکانی جەنگی ناوخۆ نازانن ئازیزەکانیان، لە کوێ بەکۆمەڵ کراون بە گەروی زەویدا، تا بتوانن سەردانی گڵکۆکانیان بکەن... نەپارتی و نە یەکێتی ئامادەنین بە مردویش چارەنووسی ئەو هەزاران ئینسانە بەکەس و کارەکانیان و بە کۆمەڵگەی کوردستان ڕابگەیەنن. بەم جۆرە پارتی و یەکێتی ناهێڵن ئەم سێڵاوی خوێنە وشک بێت، ئەم ئاخ و ئازارە کەم بێتەوە، ئەم برینە بەرەو سارێژی بڕوات.

ئەم کارەساتە جەرگبر و خوێناوییە، هێشتا درێژەی هەیە، چونکە هێشتا خۆشخزمەتی و نۆکەرایەتی بۆ وڵاتانی ناوچەکە درێژەی هەیە، هێشتا تەماحی باڵادەستی زۆرتری دەسەڵات و پاوانی جغرافیای زۆرتر و تاڵانی بێ ئەوپەری داهاتی کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕێی میلیشیاو زۆرەوە بەردەوامە. ١٦ ئۆکتۆبەر گۆشەیەکی تری ئەم تاوانانەو درێژە دانە بە ٣١ ئابەکان.



پارتی و کارخانەی ڕاگەیاندن و کارخانەی دروستکردنی مۆدیلی بەڵی بۆ ٣١ ئاب و بەرگری لێکردنی دەچەرخێ. رابەران و کادرانی ئەو حزبە گۆشی ئەوە کراون لەجێگای ئیدانەکردنی ئەم تاوانە، شانازی بە ٣١ ئابەوە بکەن و لەوەش خراپتر درۆی ئەوەی بۆیە بەعسیان هێناوە تا کوردستان لەدەست داگیرکەرانی دەرەکی ئێرانی بپارێزن و چاوەڕوانن خەڵکی کوردستان خەڵاتیان بکەن!!. ئێستاش هەر ئەو پارتیە لە جێگای بەعسی گۆربەگۆر کراو دەستیان لەناودەستی ڕژێمی فاشیستی ئەردۆغانی تورکیادایەو لە نۆکەرایەتی بۆی بێدرێغن. یەکێتیش کەتا ئێستا دەستی بە کۆماری ئێرانەوە گرتووە، پێمان دەڵێن، ئێمە لەخۆشخزمەتی بەردەوامین. لەگەڵ قوڵبونەوە و قڵشتی دەسەڵات و داهات و دارمانی باڵادەستی و تێکچوونی ئەو هاوسەنگیەی هەیە، ئەگەری دوبارە پەلکێشکردنەوەی ئەم ڕژێمانە ئەگەرێکی کراوە و پێشبینی کراوە.. ئەمان خویان بەو عادەتەوە گرتووە.

خەڵکی هوشیاری کوردستان و لە پێشیانەوە، کەس وکار و قوربانیانی جەنگی دەسەڵاتی ناوخۆ و ٣١ ئاب و کەس و کاری بێ سەروشوینەکان و ...تاد، و هەموو ئەو ئینسانانەی هێشتا فایلی ٣١، لایان دۆسیەیەکی زیندووە، پێویستە لەسەریان گوشارەکانیان لەسەر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی زیاد بکەن بۆ ڕاگەیاندنی چارەنووسی بێسەروشوێنەکان و قەرەبووکردنەیان و ڕاکێشانی تۆمەتباران و کاراکتەرە سیاسی و سەربازییەکانی ئەم تاوانە بۆ بەردەم دادگایەکی بێلایەن و شارستانی.

کارەساتی ٣١ ئاب، پەروەندەیەکی کراوەیە تا ئەوکاتەی چارەنووسی بێ سەروشوێنەکان رادەگەیەنرێت و تۆمەتبارانی سزای تاوانەکانیان لە دادگایەکی بێلایەنی عادلانەدا وەردەگرن، و پارتی و یەکێتی و حزبەکانی بۆرژوازی کورد، دەست لە عادەتی خۆشخزمەتی و نۆکەرایەتی بۆ وڵاتانی ناوچەکە هەڵدەگرن، کە هەمیشە ئەو عادەتە دەتوانێ کۆمەڵگە لەبەردەم ٣١ ئابەکان و ١٦ ئۆکتۆبەرەکانی، داهاتوودا رابگرێت.

❋❋❋❋❋



# شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان

## تایبەتمەندیی ڕۆژەکانی ئاکسیۆن و گرنگیی لایەنی خەباتی ئاشکرا

### بەشی دووەم

مەبەست لە دەخاڵەتی شانەکان و هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیست لە ئاکسیۆنە کرێکارییەکاندا چییە؟ هەرگیز مانای ئەوە نییە، کە کۆمۆنیستەکان تەنها وەکوو کرێکارانی دیکە لە کۆڕ و کۆمەڵی گشتیدا، لە ڕیزی خۆپیشاندان و شوێنی مانگرتندا هەبن و مشتەکۆڵەی خۆیان لەنێو سەدەها مشتەکۆڵەدا و ڕای خۆیان وەکوو سەدەها ڕای تر لە ڕەتکردنەوە و قبووڵکردنی ئەم یان ئەو پێشنیار و بانگەوازدا دەربخەن. کۆمۆنیستەکان لە ئاکسیۆندا تەنها "وەکوو هەر کرێکارێکی تر" بەشداری ناکەن، بەشداریی کۆمۆنیستەکان بەپێی پێناسە، بەشدارییە لە ڕێنومایی ئاکسیۆندا، لە ڕابەریکردنیدایە ڕووەو ڕێی ئوسووڵی، بەپێی سیاسەتە کۆمۆنیستییەکانی حیزب.

> **کۆمۆنیستەکان لە ئاکسیۆندا تەنها "وەکوو هەر کرێکارێکی تر" بەشداری ناکەن، بەشداریی کۆمۆنیستەکان بەپێی پێناسە، بەشدارییە لە ڕێنومایی ئاکسیۆندا، لە ڕابەریکردنیدایە ڕووەو ڕێی ئوسووڵی، بەپێی سیاسەتە کۆمۆنیستییەکانی حیزب...**

ئەدەبیاتی پۆپۆلیستی وێنەیەکی سادەگەرییانە لە ڕابەریی ئاکسیۆنە کرێکارییەکان لە لایەن ڕێکخراوی نهێنییەوە دەخاتە ڕوو. شانەیەکی نهێنی ڕێکخراو ڕابەریی بە دەستەوەیە. ئەم شانەیە لە زووەوە حەقانییەتی خۆی بە جەماوەری کرێکاران سەلماندووە و کرێکاران بە شێوەی گشتی بە بیستنی ناوی ڕێکخراو و بیرهێنانەوەی ڕابردووی پڕ شانازیی ئەو، دێنە ژێر درووشمەکان و ڕێنماییەکانی شانەی نهێنییەوە. شانەی نهێنی درووشمەکان دیاری دەکات و بە کرێکارانی دەگەیەنێت و ئەگەر پێویست بکات لە سەرەتاوە کاردابەشکردنیش لەنێو کرێکاراندا دیاری دەکات. شانەی نهێنی (بە بڵاوکراوە و شتی لەو بابەتەوە) ڕای خۆی دەربارەی هەر قۆناغێکی پێشکەوتنی ئاکسیۆن ڕادەگەیەنێ و کرێکاران بە ئەرکی فەوریی دواتریان ئاشنا دەکات. ئاکسیۆن لەژێر درووشمەکانی شانەی نهێنیدا، بەو داواکارییانەوە کە لە لایەن ئەو شانەیەوە خراونەتە ڕوو، وە بە کۆنترۆڵی غەیبییانەی ئەو ڕێنمایی دەکرێت.

گیروگرفتی کار لێرەدایە، کە ئەگەرچی خۆشەویستیی جەماوەریی حیزبێک لەوانەیە بتوانێت بزووتنەوەی گشتیی هەموو کرێکاران ئاراستە بکات، بەڵام ئەم سیناریۆیانە، یان سیناریۆی وەکوو ئەوە کە ئاکسیۆن تا ڕادەی کار و کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی "ڕێکخراوی نهێنی کرێکاران" دەهێنێتە خوارەوە، تەنها لەسەر کاغەز دەتوانرێت بەڕێوە ببرێت. لە دنیای واقیعیدا، ئاکسیۆن بە ناچاریی، بە بوونی کەسانی پێشڕەو و عەلەنیکارەوە واتە، ڕابەران و ئاژیتاتۆرە ئاشکراکانەوە پەیوەستە. لە دنیای واقیعیدا شانەیەکی ئاوها لە ڕێکخراوێکی ئاوهادا، هەمیشە لەگەڵ ئەم واقیعەتە بەرەو ڕووە، کە چەند کرێکارێکی خاوەننفوز و ناسراو، "کە سەر بە هیچ ڕێکخراوێک نین"، لەنێو دامودەزگاکاندا، لەناو دەستەی نوێنەرایەتیدا، بە کورتی لە نزیک و دوورەوە بەڵام بە هەر حاڵ بە شێوەی ئاشکرا، سەرەدەزووی ڕووداوەکە بەدەستەوە دەگرن و ڕووەو ئەو لایەی کە گەرەکیانە و دەتوانن ئاراستەی بکەن. کارێک کە بۆ شانەکان دەمێنێتەوە، ڕاگەیاندنی لایەنگریی ڕێکخراو بە شێوەی نووسراو لە ئاکسیۆنەکە، ڕێزلێنانی ئاکسیۆن و ملدان بە هەموو لاوازییەکان و دواکەوتووییەکانی و ئامادەکردنی ڕاپۆرتەهەواڵە بۆ ڕێکخستن. ئەم کۆنترۆڵە لە دوورەوە و بە ڕابەرایەتی نائاشکرایەوە، دەبێ بە جیهانی خەیاڵیی پۆپۆلیستەکان بسپێردرێت، چۆنکە ئەوەی ڕۆژەکانی ئاکسیۆن لە سەردەمی پێش و پاشی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە:

یەکەم: جەماوەرێکی کەمتر هۆشیار و کەمتر ڕێکخراوی کرێکاران دەکێشرێنە نێو گۆڕەپانی کارکردنەوە. جەماوەرێکی بەرفراوان، کە خوازیاری یەک ڕابەری حازر و بەردەوام و چوست و چالاکە. جەماوەرێک کە لە سەرەتاوە، بەپێی زانستێکی سیاسیی ئایدیۆلۆژیک، وە یان لە لایەنگریی ڕێکخراوەییەوە، سوێندیان نەخواردووە، کە پەیڕەوی لە کۆمۆنیستەکان و تێڕوانین و سیاسەتەکانیان بکەن.

دووەم: ڕابەرایەتی ئاکسیۆن بە ناچاری لە یەک لایەنی ئاشکرای چارەنووسساز بەهرەمەند دەبێت، ڕێنمایی نهێنیکارانەی تەمایولات، داواکارییە گشتییەکان، وە یان هەتا جیهەتگیریی گشتی کرێکاران لەوانەیە کەم تا زۆر لە ئیمکاندا بێت، بەڵام ڕابەرایەتی کاری ڕاستەوخۆ و حاڵەتی جم و جووڵی ئەوان بێگومان تەنها دەتوانێت ڕابەرایەتی لە بنەڕەتەوە ئاشکرا و حازری مەیدان بێ.

> **بوونی ڕێکخراوی جەماوەریی کرێکاران (وەکوو شوورا و سەندیکا) بێگومان مەیدان و هەلومەرجی لەباری ئاسایی بۆ دەخاڵەتی کۆمۆنیستەکان لە ئاکسیۆنەکاندا فەراهەم دەکات. لەم حاڵەتەدا دەخاڵەت لە ئاکسیۆندا تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە پلەی دەخاڵەت و نفوزی سیاسی و عەمەلیی حیزبەوە لەنێو ڕێکخراوەی جەماوەری ناحیزبی کرێکاراندا هەیە...**

سێیەم: ئاکسیۆن یەک زنجیرە چرکەساتی چارەنووسساز لە ڕووبەڕووبوونەوەی زیندووی کرێکاران لەگەڵ دەوڵەت و خاوەنکار و بەکرێگیراوەکانیانە، لە قسە و باسە نێوخۆیی و حەساسەکانی نێو خودی کرێکاران، لە فێڵ و تەڵەکەی خاوەنکار و بەکرێگیراوەکانی و ئارایشدانەوەی سەرلەنوێی کرێکاران، لە هێرش و پاشەکشە و شتی تری لەو بابەتە. وەڵامدانەوەی گونجاو و خێرا بە تەواوی ئەم چرکەسات و خاڵە ئاڵوگۆڕە چارەنووسسازانە و پارێزگاریی جڵەوی خەبات بە درێژایی ئەم پرۆسە ڕووبەڕووبوونەوە ئاشکرایە، ئەمانە هەمووی ڕابەری زیندووی عەلەنیکار و ئامادەی مەیدان بە ناچاری دێننە کایەوە.

چوارەم: هەڵسووڕانی کۆمۆنیستەکان بە ناچاری نهێنییە، بەڵام سەندیکا زەردەکان، شوورا ئیسلامییەکان، ئەنجوومەنەکان، وە یان تودەییەکان و ئەکسەرییەتەکان، کە جێگاوڕێگای خۆیان لە کارگەکاندا پاراستووە، هەموو ئیمکانی دەخاڵەتی ئاشکرایان هەیە. لە ئارادانەبوونی ڕابەریی ئاشکرای شۆڕشگێڕ و هەڵسووڕاو بە ڕێبازی کۆمۆنیستی، نارەزایەتییە کرێکارییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام لە لایەن ئەم ڕەوتانەوە بەرەو سازش و شکست دەبرێن. لە ڕۆژەکانی ئاکسیۆندا، ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ خۆ ئامادەکردنی دژی کرێکاری ئەم ڕەوتانە، دەبێ بکێشرێتە لایەنی ئاشکراوە.

هەموو ئەمانە بەم مانایەیە، کە ڕێکخراوی کۆمۆنیستی لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاراندا، وەک ڕێکخراوێکی نهێنی، تەنها کاتێ بە مانای واقیعی وشەکە و بە شێوەی ئوسووڵی توانای دەخاڵەتی کاریگەر و کاری ڕابەرایەتی لە ئاکسیۆنەکاندا هەیە، کە بتوانێت ئەم لایەنەی عەلەنیکاری، ئامادەی سەرشانۆ و ڕابەری حازری مەیدان، دابین بکات. ئەمە ئەو مەسەلە بنچینەییەیە، کە ڕوونکردنەوەی جیددیی شێوە بەرخوردی شانە حیزبییەکان لە مەسەلەی ڕابەری خەباتی هەمیشەییدا پێوەی بەندە، بە تایبەتی ئێمە لە هەلومەرجێکدا چالاکی دەنوێنین، کە بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێراندا ڕێکخراوەی جەماوەریی جێگیری نییە. بوونی ڕێکخراوی جەماوەریی کرێکاران (وەکوو شوورا و سەندیکا) بێگومان مەیدان و هەلومەرجی لەباری ئاسایی بۆ دەخاڵەتی کۆمۆنیستەکان لە ئاکسیۆنەکاندا فەراهەم دەکات. لەم حاڵەتەدا دەخاڵەت لە ئاکسیۆندا تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە پلەی دەخاڵەت و نفوزی سیاسی و عەمەلیی حیزبەوە لەنێو ڕێکخراوەی جەماوەری ناحیزبی کرێکاراندا هەیە. بەڵام لە کاتی نەبوونی ڕێکخراوەی لەو چەشنە، واتە لە هەلومەرجێکدا، کە هەر ئاکسیۆنێ دەبێ کەم تا زۆرسەرلەنوێ ڕابەری عەمەلیی خۆی پەیدا بکات، خاڵەکانی سەرەوە گرنگی زیاتر پەیدا دەکەن.

چەند جار هاوڕێیانی ئێمە لە شانە حیزبییەکاندا پرسیویانە: پێداویستییەکان و هەلومەرج و دیسپلینی دەخاڵەتی شانەکان لە ئاکسیۆنە کرێکارییەکاندا چین؟ لەژێر چ هەلومەرجێکدا دەتوانین بۆ ڕابەری ئەم ئاکسیۆنانە تێبکۆشین؟ لەژێر چ هەلومەرجێکدا بەشداری ئێمە ڕووکەش و ئاکسیۆنیستی نابێت؟ ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر یەکێ لە گرنگترین پێداویستییەکانی ئەم کارەمان ڕوون کردەوە. یەکەمین پرسیارێ کە شانە دەبێت لەم بوارەدا لە خۆی بکات ئەمەیە، ئایا شانە، وە یان ڕێکخراوی ناوچەیی ئێمە، بە شێوەیەکی واقیعی توانای پڕکردنەوەی جێگای چۆڵی ڕابەری کاری ئاشکرا و ئامادەی مەیدانی لە ئاکسیۆندا هەیە، بێ ئەوەی گشت مەوجودیەت و بەردەوامکاریی تۆڕی نهێنی بخاتە مەترسییەوە؟ ئەگەر وانییە، کە خۆی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وایە، ئەو کاتە ئەم ئامادەییە چۆن دەتوانرێت بە دەست بێت.

**نووسینی: مەنسور حیکمەت**

**ماویەتی**

**ئازادی، بەرابەری، حکومەتی کرێکاری!**



# کەمال رەئوف: ئەوەی هۆکارە بۆ نەدانی مووچە لەکاتی خۆیدا، نەبوونی پارە نییە، بەڵکو نەبوونی دادپەروەرییە لەدابەشکردنی داهاتی گشتی و ناشەفافیەتە لە چۆنیەتی کۆکردنەوەی داهاتەکان و دابەشکردنی..

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز کەمال رەئوف نووسەرو چاودێری سیاسی، سەبارەت بە گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان...

**بۆپێشەوە: بڕیار و گوشارەکانی بەغدا لە دوای شەری داعش و ١٦ ئۆکتۆبەرەوە بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم، بەردەوامە، هۆکاری سەرەکی ئەم گوشارانە چییە؟**

**کەمال رەئوف:** حزبە دەسەڵاتدارەکانی باشور هەڵەی کوشندەیان ئەنجامدا، ئاراستەی سیاسەت تێکەڵ بەبازرگانییەکی نایاسایی و ناشەرعی کرا، حزبایەتی کورتکرایەوە بۆ بەرژەوەندی و بەدەستهێنانی مادی، پشت لەجەماوەرو خەڵک کراو روو لەبازارو بازرگانی کرا، بەشێوەیەکی مەنهەجی حوکمەتداری کورتکرایەوە بۆ دەسەڵاتسازی و لەو بوارەدا سەرکەوتوبوون کە گەمە بەهەموو کایەکانی هەڵبژاردن و دامەزراوە حکومییەکانەوە بکەن بۆ مانەوەو بەرژەوەندییەکانی خۆیان، هەموو ئەوانەش وایکرد، بەغداد هەست بەوە بکات ئەمان دەسەڵاتێکی بێ پشتیوانن و کاتی ئەوەیە هاتوە بە بەرنامە گوشارەکانیان لەسەر هەرێم زیاد بکەن.

**بۆپێشەوە: گوشارە بەردەوامەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، بەرهەمی پابەندبوونی دەسەڵاتی ناوەندە بە فیدرالیزم و دەستورەوە، لە هاوسەنگی تازەی نێوان بەغداو هەرێمدا، یان وەکو هەندێک دەڵێن پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە فیدرالیزم و دەستور؟**

**کەمال رەئوف:** لەراستیدا ئەوەی لەهەرێم دەگوزەرا، فیدرالیەتی تێپەراندبوو هەرێم سودی لەئاڵۆزی و پشێوییەکانی بەغداد بینیبوو، بەڵام نەیتوانیبوو سەرمایەگوزارییەکی نیشتمان سازی لەسەر بینا بکات، ئەوەی زیاتر بەخەمییەوە بوو دوو شت بوو، ململانێ ناوخۆ کەسەرێکی جەماوەر بوو سەرەکەی تری لایەنە دەسەڵاتدارەکان، بەقازانجی خۆی بشکێتەوە، خاڵی دووەمیش درێژەدان بەو دۆخەو بەردەوامی لە بەتاڵانبردنی داهات و سەروەت و سامانی گشتی.. عێراق لەکابینەکانی پێشوو چەند رێککەوتنێکیان کردبوو لەسەر 200 هەزار بەرمیل نەوت، هەرێم پابەند نەبوو پێوەی، بەڵام کە تەواو لاواز بوو ئامادەیی نیشاندا هەموو نەوت رادەستی بەغداد بکات.. بۆیە سەرەتا بەرپرسەکانی هەرێم خۆیان ئەندازیاری شکستی هەرێمن، نەک چۆنیەتی بیرکردنەوەی بەغداد...

**بۆپێشەوە: گوشارەکانی بەغدا تا چەندە کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکانی گرتۆتەوە؟ زۆرجار گوێ بیستی سیاسەتی راگواستن و تەعریب دەبین، ئەمە تا چەندە راستە؟**

**کەمال رەئوف:** عێراقی دوای سەددام وڵاتی دیموکراتی و دامەزراوەیی نییە، رەنگە لە هەندێک دامەزراوەدا لەپێش هەرێمەوە بێت، بەڵام عێراقی دوای سەددام، عێراقی خاوەن دەسەڵاتێکی مەزهەبی و دابەشبووە بەسەر گروپە چەکدارەکاندا، راستە سوپای عێراق هەیە، حکومەت هەیە، بەڵام دەسەڵاتی فیعلی لەدەست دەوڵەتی قوڵدایە و ئەوان خاوەن دواین بریارن، سەبارەت بەهەرێم زۆرباش توانیان رای گشتی لەسەر ئەوە بجوڵێنن کە کێشە ئابورییەکانی عێراق پەیوەستن بەهەرێمەوە، وایان نیشانەدەدا ئەو پێشکەوتنەی هەرێم لەسەر حسابی سفرەی ئەوانە، کە ئەمە لەراستیەوە دوورە، بەڵام بەهانەیەکی باش بوو بۆ ئەوەی رقێکی میللی دروست بکەن بۆ ئەوەی دەستکراوەبن لەداهاتوو هەرشتێک بکەن دەرهەق بەهەرێم، بەداخەوە لایەنە کوردییەکانیش حەزیان لەو خیتابە سیاسییە بوو تا دەمەزەردی سیاسەتی کلاسیکی خۆیان لەسەر شەری نەتەوەیی بکەنەوە.. سەبارەت بەناوچە کوردیەکانی دەرەوەی هەرێم، پارتی و یەکێتی کە خاوەن دەسەڵاتی رەهاو خاوەن نفوزی جەماوەری بوون تا ئەوکاتەی لەکەرکوک ناوچەکانی تر دەرکران، لەسەر هیچ شتێک رێک نەکەوتبوون، جگە دەستکەوتی نەوت، بەردەوام لەململانێیەکی قورسدابوون، کاتێک بەهۆی هاتنی داعشەوە زۆربەی ئەو ناوچانەیان کەوتە بن دەست، مامەڵەیەکی باش و ئینساندۆستیان لەگەڵ پێکهاتەکانی ترو تەنانەت خەڵکە کوردەکەش نەکرد.. بۆیە ئێستا لەپەرچەکرداری ئەوسیاسەتە چەوتانە ئەوانیش کە دەستروێشتون، بەهەمان شێوەو خراپتریش مامەڵە لەگەڵ کوردەکانی ئەوناوچانە دەکەن.

> رووی تا ئەوکاتەی دەسەڵاتی حوکمرانی لای هێزە کلاسیکییەکان بێت، بەشێك لەسزاکانی بەغداد قورسایی دەخاتە سەر ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی هەرێمیش، دەسەڵاتی هەرێمیش بەبەرنامە وادەکات دەغدەغەی خەڵکی بدات بۆ ئەوەی لەرێگەی دروستکردنی ئەو مەترسیەوە مانەوەی خۆیان مسۆگەر بکەن...

**بۆپێشەوە: ئایا هەنگاوەکانی بەغدا لەدژی هەرێم و سیاسەتی خۆگرێدانەوەی پارتی و یەکێتی بە بەغدا، بەمانای تیکەڵ بوونەوەی بەکردەوەی کوردستانە بەعێراقەوە؟**

**کەمال رەئوف:** لەراستیدا پارتی و یەکێتی هیچ کات خۆیان بەدابراو نەبینیوەو کاریان لەسەر ئەوە نەکردوە دابراوبن لەبەغداد، بەپێچەوانەوە بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابوون پۆستی ناوحکومەتی عێراق و سەرۆک کۆماری و پێگەی خۆیان بپارێزن، بەڵام ئەوان بەغدادێکیان دەویست، وەک پێش دەستگرتنەوە ناردنی پارە بەناوی شایستە داراییەکانەوە، ئەوان عێراقیکیان دەویست کە پارە بنێریت و نەپرسێتەوە چی لێ دەکەن، ئەوان دەیانویست، پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ هێزە دیارەکان بپارێزن و شیری دەستکەوت بکەن، ئەوان لەوی ئازادبن چی دەکەن و ئەمانیش لەهەرێم.. بەڵام ئێستا دوای دادگای تەحکیمی فەرەنساو لێسەندنەوەی مافی فرۆشتنی نەوت، دۆخەکە گۆردراوە، ئەوەی دوێنی خەڵکیان پێ تۆمەتبار دەکرد بەخاکفرۆش و خائین، خۆیان لەوە زیاتر جێبەجێ دەکەن، ئەویش تەنها لەپێناو مانەوەیان لەدەسەڵات، دەنا ئەوەی ئێستا داوای دەکەن لەرابردوودا زۆر لەوە زیاتریان پێدەدرا گەر بەرێککەوتن لەگەڵ بەغداد رازی بونایە.

> ئێستا پرسی دادپەروەری، نەبوونی خزمەتگوزاری، زۆری باج و گومرگ، ملهوری حزبی و بنەماڵەیی، ئازادی رادەربرین و ئازادییە گشتییەکان، پرسی سەروەری یاساو دەستێوەردانی زانکۆ و بازار لەلایەن حزبە باڵادەستەکانەوە، گەرمترین ئەو پرسانەن کە بونەتە هۆکاری بەرزبوونەوە و فراوان بوونی دەنگی نارازی، بۆیە هەر هێزێك بیەوێت رۆڵی خۆی ببینێت، پێویستە لەم روانگەیەوە سیاسەتی خۆی دارێژێت...

**بۆپێشەوە: گوشارەکانی بەغدا هەر لەدژی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمە، یان لە دژی خەڵکی کوردستانیشە؟**

**کەمال رەئوف:** تا ئەوکاتەی لەهەرێم ئەلتەرناتیف نەخرێتە روو، تا ئەوکاتەی دەسەڵاتی حوکمرانی لای هێزە کلاسیکییەکان بێت، بەشێک لەسزاکانی بەغداد قورسایی دەخاتە سەر ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی هەرێمیش، دەسەڵاتی هەرێمیش بەبەرنامە وادەکات دەغدەغەی خەڵکی بدات بۆ ئەوەی لەرێگەی دروستکردنی ئەو مەترسیەوە مانەوەی خۆیان مسۆگەر بکەن.

**بۆپێشەوە: بەشێک لەخەڵکی کوردستان بەتایبەتی موچەخۆران، دەیانەوێت بەغدا موچەیان بداتێ و لە ژێر دەسەڵاتی هەرێم نەمێنن، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەوە کیشەی موچە و خزمەتگوزارییەکانی خەڵکی کوردستان چارەسەر دەکات" ئەگەر وایە سەرباری ڕیکەوتنی بەغدا و هەرێم، کەچی کێشەی موچە ماوەو تا ئێستا کە مانگی هەشتە، موچەخۆران چاوەروانی موچەی مانگی شەشن؟**

**کەمال رەئوف:** مووچەخۆر جیاوازە لەفەرمانبەری فیعلی، لە کوردستان ژمارەی مووچەخۆران زۆر لەستانداری جیهانی زیاترە، فەرمانبەران مافی خۆیانە بیانەوێت وەک هاوڵاتیانی تری عێراق مووچەیان پێبدرێت، چونکە جگەلە دواکەوتن و پاشەکەوت و شتی تر... مووچەکەشیان کەمترە لە فەرمانبەرانی بەغداد، راستە پرسی مووچە هەموو کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر ناکات، بەڵام ناشکرێت بەمشێوەیەی ئێستا یاری بە قوتی خەڵکەوە بکرێت، چونکە ئەوەی هۆکارە بۆ نەدانی مووچە لەکاتی خۆیدا، نەبوونی پارە نییە، بەڵکو نەبوونی دادپەروەرییە لەدابەشکردنی داهاتی گشتی و ناشەفافیەتە لە چۆنیەتی کۆکردنەوەی داهاتەکان و دابەشکردنی..

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە خۆشباوەری بەشێک لە خەڵکی کوردستان بەدەسەڵاتی**

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ کەمال رەئوف... سەبارەت بە گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی...

**بەغدا، بۆ باش بوونی موچەو خزمەتگوزاری و سوتەمەنی...تاد؟**

**کەمال رەئوف:** زیاد لەپێویست بروابوون بەوەی کە لەبەغداد دەسەڵاتێکی باشتر و دیموکراتیتر لەهەرێم هەیە، هیچ نییە جگە لەخۆشخەیاڵی و ناتێگەیشتن لە سیستەمی حوکمرانی.. یان کورتی بینی سیاسییە، رەنگە نرخی سوتەمەنی و پێدانی هەندێک ئیمتیاز لەهەرێم باشتر بێت، بەڵام ئەوە ناکرێتە مەحەک بۆ باش و خراپی دەسەڵات و حوکمرانی، ئەوەی دەیبینم بەشێکیشی پەرچەکرداری خەڵکی نارازییە لەبەرامبەر گوێ نەگرتن و نەبیستنی دادی خەڵک لەلایەن بەرپرسانی هەرێمەوە.

**بۆپێشەوە: لێکەوتە سیاسیەکانی دەسەلاتی ناوەندی لەسەر خەڵکی کوردستان و پرسی چارەسەرنەبوی نەتەوایەتی چۆن دەبینن؟ لاتان وایە جارێکی تر ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستان دوبارە دەبێتەوە؟**

**کەمال رەئوف:** عێراق هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە وەک دەوڵەت تا ئەمرۆ، بەنائارامی و نەتەبایی پێکهاتەکانی تەواو بووە، بەشێک لەو ناتەبایانە لایەنەسیاسییەکان دروستی دەکەن و بازار گەرمی بۆدەکەن، بەشێکیشی واقیعیکە پەیوەستە بەپەروەردەو چۆنیەتی بیرکردنەوەی خەڵکەکە خۆیەوە، پەیوەستن بەئاستی هوشیاری کومەڵگەوە، ستەمی نەتەوایەتی، نەک دوبارە ئەبیتەوە، تا ئێستا لەفۆرمی جیاوازدا باقییە، رەنگە وەک سالانی زوو زەقتر نەبێت، بەڵام وەک ئاگرو پۆش وایە کە گەیشتن بەیەک و دەغدەدە درا، ئاگرکەوتنەوەکەی باوەشێن و فوی تری ناوی..

**بۆپێشەوە: خەڵکی کوردستان بەشێوەی گشتی دژی دەسەلاتی سیاسی هەرێمن و بەکردەوەش ئۆپۆزیسیۆنی بۆژوازی کورد، ئەڵتەرناتیفێکی باشتری دەسەلات نییە و لەو ئاستەدا نییە، بتوانێت سواری بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان ببێت، خەڵکی کوردستان دەبێ چی بکات، تا لەدەسەلاتی یەکێتی و پارتی و هاوشیوەکانی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی ڕزگاری بێت؟ بەکورتی چ ڕیگاو ئەڵتەرناتیفێک بۆ باش بوونی ژیان و گوزەران و ئایندەی سیاسی کوردستان پێویستە؟**

**کەمال رەئوف:** بەداخەوە خەڵک بەگشتی کێشەیەکیان نییە بەناوی بۆرجوازی و پرۆلیتارەوە، دەنگی نارازی بەرزە، بەرفراوانە، بەڵام ئەم نارەزایەتییە چینایەتی نییە، رەنگە ماکی چینایەتی تیادا بەهێز بێت، بەڵام نەبونەتە دروشم و بەئامانج نەگیراون، واتە پرسی چینایەتی لەفۆرمە کۆنەکەیدا گۆرانکاری بەسەرداهاتوە، هەربۆیە سەرباری بوونی نارەزایەتی فراوان ئەوپرسە نەکراوەتە پەرچەمی نارەزایەتیەکە، ئێستا پرسی دادپەروەری، نەبوونی خزمەتگوزاری، زۆری باج و گومرگ، ملهوری حزبی و بنەماڵەیی، ئازادی رادەربرین و ئازادیە گشتییەکان، پرسی سەروەری یاساو دەستێوەردانی زانکۆ و بازار لەلایەن حزبە باڵادەستەکانەوە، گەرمترین ئەو پرسانەن کە بونەتە هۆکاری بەرزبوونەوە و فراوان بوونی دەنگی نارازی، بۆیە هەر هێزێک بیەوێت رۆڵی خۆی ببینێت، پێویستە لەم روانگەیەوە سیاسەتی خۆی دارێژێت تابتوانێت پێگەی لەناو ئەو نارەزایەتیانە بەهێزبکات و خزمەت بەفراوان بونەوەو بەهێزیشی بکات.

**بۆپێشەوە: گرژی و ناکۆکی نیوان پارتی و یەکێتی لەسەر دەسەڵات و داهات بەردەوامە، ئایا گوشارەکانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و بەغدا، هۆکاری بەرینبوونەوەی قڵشتی نێوانیانە، یان ناتەبایی پارتی و یەکێتی هۆکاری سەرەکی نیگەرانی ناوەندە فەرمی و نێودەوڵەتیەکانە؟**

**کەمال رەئوف:** هێندەی لە زاری دیبلۆتکارانی بیانییەوە ئەیبیستین، ئەوان زۆر وردتر و زانسیانە تر ئاگاداری رووداوەکانی ناو هەرێمن، بەڵام ئەوان مامەڵە لەگەڵ واقعیدا دەکەن و بەئەرکی خۆیانی نازانن لەئێستادا ئەو واقیعە بگۆرن، رەنگە بیرکردنەوەیەکی خراپ بێت خەڵک خۆیان لەسەر ئەوە رابهێنن هەر چاوەرێی فریادرەس بکەن لەدەرەوەی خۆیان، نیگەرانی ئەوان بۆ پرسی گەندەڵی و یەک نەخستنی هێزی پێشمەرگە و خراپی ئیدارەو بەبنەماڵەکردنی هەموو کایەکانی حزبایەتی و حوکمرانی، نادادی و پرسەکانی تر، رۆشنە بۆچییە، بەشێکی پەیوەستە بەو راپۆرتە جیهانیانەی لەناو وڵاتانی خۆیان لەسەر شەریکەکانیان بڵاودەکرێتەوە، بەشێکی تریش ئەوەیە، ئەوانە لەتەقینەوەیەکی جەماوەری دەترسن، کە ئەوسەری دیارنەبێت، بۆیە نیگەرانیەکانیان تا ئێستا نەبوتە ئەوەی بەدوای بەدیلیاندا بگەرین، چونکە بۆ ئەوان پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ هەرلایەنێکدا، یان هەر وڵاتێکدا لەسەر پرسی دادپەروەری و دیموکراسیەت رانەگرتوە، بەڵکو ئەوەی سەندە بۆ مانەوەی ئەو هاوپەیمانی و پەیوەندیانە بەرژەوەندیەکانیانە..

*****

## درێژەی .... دوا وتە

لەباری سیاسیەوە یەکێتی بکاتە خاوەن ئەجندا و نەخشە و پرۆژەی سیاسی کە وەڵامدەرەوەی دۆخی ئیستا بێت.

هەموو کەس و چاودێرێکی سیاسی دەزانیت، یەکێتی بەهیچ جۆریک ئامادەیی بۆ وەڵامدانەوە بەو گرفتانە نییە و لەو ئاستەدا نییە بتوانێت ئەو دۆخە تێپەڕێنێت کە تا دێت بەرەو داکشان دەچێت. لەلایەکەوە یەکێتی بەکردەوەو بە فەرمی بۆتە حزبی بنەماڵەو کوڕانی تاڵەبانی خاوەنی حزبن نەک یەکێتییەکان، و لەلایەکی تریشەوە یەکێتی حزبی پاشکۆی ڕوداوەکان و دەستخاڵییە لەهەر پرۆژەیەکی سیاسی جیاواز لە نەیارەکانی بۆ دۆخی سیاسی عێراق و کوردستان و پێشهاتەکان. لەوەش زیاتر یەکێتی بەتەواوەتی بۆتە هێزێکی کۆنەپەرستی جێ متمانەی سەلەفی و ئیسلامیەکان و دووره لەهەموو بانگەشەکانی سەبارەت بۆ سۆشیال/ دیموکراسی و مافە فەردی و مەدەنییەکان و...تاد.

کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی، کۆنگرەی راسان و خۆئامادەکردنە بۆ هەڵبژاردنەکان و کۆتاییهێنانە بەدۆسیەی هاوسەرۆک لاهور شێخ جەنگی. نەک کۆنگرەیەک بۆ ئاڵوگۆڕ و تازەکردنەوەی یەکێتی و هێنانی بڕیار راسپاردەو پرۆژەی سیاسی و ئاڵوگۆر لە پەیکەرەی رێکخراوەیی و رابەری و وەڵامدانەوە بە گرفتەکانی بەردەمی کە تادێت یەکێتی دەکاتە قوربانی.

هەڵبژاردنەکان چ لەکاتی خۆیدا بکرێت یان دیسان دوابخرێت، هیچ لەو راستیە ناگۆرێت، کە مەترسی سەرەکی لەسەر یەکێتی هەیە و قەبارەکەی لە ئاستی فەرمی و کایەی هەڵبژاردنەکاندا بچوک دەکاتەوە و رەوایەتی دەسەڵاتی بەزۆر داسەپاوی بەسەر زۆنی سەوزدا هێندەی تر دەخاتە ژێر پرسیاری نەیارە سەرەکیەکانی لە زۆنی زەرد و هاوکات نەیارەکانی لە زۆنی سەوزدا. ئەوەی لەدوای کۆنگرەی چوارەوە لەناو تەلاری رێکخراوەیی یەکێتی روودەدات و ئەوەیش لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە پرسەکانی پەیوەست ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانەوە دەبینرێت... رەوتی دارمانی یەکێتی و لاواز بوون و داغان بوونی نیشان دەدات... لە ئاستی هەرێمی کوردستان و بریاری سیاسییدا، یەکێتی هێندە بێ رۆڵ و پاشەکشەی پێکراوە، کە لەزمانی سەرانیەوە دانی پیادەنرێت. ئەوەش کە یەکێتی بەو دەردە بردووە، پێشرەوی هێزە نەیارەکانی و بەتایبەتی پارتی نییە، بەڵکو خودی یەکێتییە، کە مانایەکی بۆ سیاسەت و کاری سیاسی و حزبیایەتی لە ئاستە هەرە لاوازەکەیەدا نەهێشتۆتەوە. حزبی بێ سیاسەت و پرۆژە، حزبی بێ دەستوری ناوخۆیی و پەیرەوی ناوخۆ، حزبی ناهاوهەنگ و پاشکۆی رووداوەکان، حزبێک هیچ دامەزراوەیەکی لە جێی خۆیدا نەبێت، حزبی خزانی بەرەو دواپلەی کۆنەپەرستی و ئامێزکردنەوە بۆ هیزە سەلەفی و ئیسلامیەکان، حزبێک کەلەژێر سایەییدا رۆژانە کادرو رابەرانی حزبەکە خۆی تیرۆر و ترۆ دەکرێن... هیچی تری لێ چاوەڕوان ناکرێت، جگە لەوەی کە بەودەردە بچیت، کە هەمووان دەیبینن.

دۆسیەی ناوخۆیی یەکێتی و کۆتاییهێنان بە رۆڵی لاهور شیخ جەنگی و کارکردنی بەناوی هاوسەرۆک و یەکێتییەوە، یەکێکی تر لە ئامانجە سەرەکیەکانی کۆنگرەی یەکێتییە. تا ئێستا لاهور شیخ جەنگی بەوێنەی هاوسەرۆکی شەرعی و بەناوی یەکێتیەوە چالاکی و هەڵسوران دەکات، لێدوان و بەیاننامەو دەردەکات، دیدار و هاوپەیمانیەتی دەبەستێت، بەواتایەکی تر یەکێتیەکی تر لەناو یەکێتیدا نوینەرایەتی دەکات و لە جەماوەر و هیزی یەکێتی کەڵک وەردەگرێت... چونکە ئەم دۆسیەیە لە دوای کۆنگرەی چوارەوە یەکلایی نەکرایەوە، کۆنگرەی پێنج دەیەوێت کۆتایی بەم دۆسیەیە بهێنێت.

کۆتاییهێنان بەدۆسیەی لاهور شیخ جەنگی ئەگەر لە کۆنگرەی پێنجەمدا لەباری حقوقی و بەپێی پەیرەوی ناوخۆ بەسەرئەنجام بگات، بەڵام هۆکارو زەمینەکانی کاری سیاسی و دروستبوونی تەکەتول باڵی سیاسی تر لەناو خۆی یەکێتیدا، کۆتایی پێ ناهێنێت. مامەڵە لەگەڵ دۆسیە و باڵی سیاسی ناوخۆیی، بەتەنها بە هەنگاوی رێکخراوەیی و دەستوری وەڵامی پێنادرێتەوە، بەڵکو هاوکات پێویستی بە وەڵامی سیاسییە لە ئاستێکی فراوانتری کۆمەڵایەتیدا.

دۆخی یەکێتی چ لە ئاستی ناوخۆیی چ لەئاستی دەرەکی و کۆمەڵایەتیدا، زەمینەیەکی لەبارە، بۆ سەرهەڵدانی باڵ و لاباڵ و خەت و هێزی سیاسیتر لەناو خۆی یەکێتی و لە قەڵەمرەوی دەسەڵاتی زۆنی سەوزی یەکێتیدا، بەناوی یەکتییەوە.

بەکورتی، کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکان و لەپێناو وەڵامدانەوەی بە یەکلاییکردنەوەی دۆسیە لاهور شیخ جەنگی، لەئاستی پەیرەوی ناوخۆی ناو یەکێتیدا دەبەسترێت... ئەو دوو ئامانجەش کۆنگرە ناکات بە کۆنگرەیەکی سەرکەتوو.

**کۆتایی ئابی ٢٠٢٣**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
بەیار مستەفا، عوسمان محەمەد، هاوژین ڕەشید، کەمال ڕەئوف، سەردار عەبدوڵا حەمە، وریای ڕەسام، ئارام حەسەن، کاوان قادر، ئاراس ڕەشید، حەسەن مارف، عەبدوڵا مەحمود، سوهێل زەهاوی، عبدالرحمن ڕەسوڵ...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئایندی سیاسی کوردستان"...

# لە یادی هاوڕێیانی گیانبەختکردوی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم... نەزیز عومەر" ئارام" دا

هاورێ نەزیز عومەر ناسراو بە "ئارام" لە ساڵی ١٩٦٤ لە دێی کواشی سەر بە ناحیەی سمێل، لە باوەشی خێزانێکی کریکاریدا، چاوی بە دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری هەڵهێناوە... لە ساڵی ١٩٩٠ دا کۆلیژی کشتوکاڵی لەشاری موسڵ تەواو کردووە، هاوڕی ئارام کە زۆر زوو هەست بە زوڵم و نابەراری و چەوساندنەوە دەکات، تیکەڵی کاری سیاسی دەبێت و دەست دەداتە هەوڵ و تێکۆشان...لەو راستایەدایە وەکو هەڵسوراوێکی کۆمۆنیست دەناسرێت و لەناو زانکۆی موسڵدا و دەبێتە سیمایەکی خۆشەویستی ڕەتکردنەوەی ستەم و نابەرابەری... لەساڵی ١٩٨٨دا لەگەڵ ژمارەیەک لە هاورێیانی تریدا، ئەلقەی "هاوپشتی کرێکاریی" پیکدەهێنن و ساڵیک دواتر واتە لە ساڵی ١٩٨٩دا، خۆی و ئەلقەکەیان بە ڕەوتی کۆمۆنیستەوە پەیوەست دەبن... ڕەوتی کۆمۆنیست یەکێک دەبێت لە رێکخراوە کۆمۆنیستەکانی ئەو کاتە... بە پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، هاوڕی ئارام دەبێتە یەکێک لە کادرە چالاک و خەباتگێرەکانی ئەو حزبە لە بادیناندا و سیمایەکی ناسراو و خۆشەویستی ناوچەکە و تێکۆشەریکی دژی دەسەڵاتی بەزۆر داسەپاوی ناسیونالیزمی کورد و پارتی... هەروەها هاوڕی ئارام دەبێتە یەکێک لە هەڵسوراوانی بزوتنەوەی دژی تالانی و گرانی و بیکاریی و هەر بۆیە دواتر دەبێتە یەکێک لە رابەرانی یەکێتی بێکاران...

هاورێ ئارام، چ وەکو کادرێکی خۆشەویست و جێ متمانەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و چ وەکو هەلسوراو و رابەرێکی یەکێتی بیکاران...رۆڵی زۆر بەرجەستە دەگێرێت لە هوشیارکردنەوەی و ریکخستنی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا و دەبێتە یەکێک لە روخسارە ناسراو خۆشەویست و تێکۆشەرەکەی بادینان و ناوچەکەی... رۆڵ و نەخشی هاوڕی ئارام... ئارامی لە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە دەبرێت و بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدەن پاشەکشەی پێ بکەن و ناچار بەدەست هەڵگرتن لە هەڵسورانی کۆمۆنیستی بکەن... پارتی جگە لە هەرەشەو



چاوسوکردنەوە چەندجار بانگی دەکەن و دەزگای ئاسایش چەندین هەوڵی تر دەخەنە گەر تا ناچاری بکەن واز لە چالاکی و هەڵسورانی خۆی بهێنێت... پێداگری هاوڕی ئارام لەسەر ڕێبازەکەو و بروای پتەوی بە دنیایەکی باشتر، نەک ئامادەی پاشەکشە نابێت، بەڵکو بەگوڕو تینێکی بەردەوام و هیوا بەخشەوە درێژە بە هەڵسورانی خۆی دەدات... تا بەرواری ٢٥/٨/١٩٩٣ لەلایەن باندیکی ئینسان کوژی ئازادی کوژەوە، دەرفێنرێت و پاش شکنجەدانی ترسنۆکانەو وەحشیانە، تەرمەکە دەسوتێنن و پاش سێ ڕۆژ لە بەرواری ٢٨/٨/١٩٩٣ تەرمەکەی لە نزیک شاری سمێل دەدۆزرێتەوە...

بۆپێشەوە

## دوا وتە

# کۆنگرەی پێنجی یەکێتی و ئامانجە سەرەکیەکانی!!


**عەبدوڵا مەحمود**

مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە کەرکوکەوە بڕیارییدا، کۆنگرەی پێنجەمی خۆی لە بەرواری ٢٧/٩ دا ببەستێت... دیارە بەستی کۆنگرە بۆ هەر حزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسی بەجیا لە لایەنی حقوقی و پەیرەوی ناوخۆیی ئەو حزبە کە حزب بریاردەدات چەند ساڵ جارێک کۆنگرە ببەستێت، هاوکات پێداویستی سیاسی و ڕێکخراوەییش بەستنی کۆنگرە بەهەر چەند ساڵیک جارێک دەکاتە پێداویستیەک بۆ ئەبدەیت کردنەوەی خۆی و ریزەکانی و رابەریەتی و ئۆرگانەکانی و هاوکات بۆ پەسەندکردنی بریار و هێنانی سیاسەتی تازە کە وەڵامدەرەوەی روداو و ئاڵوگۆرە سیاسیەکانی بێت. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تا ئێستا حزبێکی گەورەی سیاسی و خاوەن دەسەڵاتی زۆنێکی دیاریکراوی هەرێمە. بریاردان بۆ بەستنی کۆنگرە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەو ئامادەکارییەکی زۆر هەیە، پێویستی بە هەڵبژاردنی نوێنەران و ئامادەکردنی نەخشەو بریاری سیاسی و ئاڵوگۆری پێویست لە بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆ و ئامادەکردنی توانایەکانیەتی بۆ ڕێکخستنەوەی رابەرایەتی تازە... کاتێک تەماشای دۆخی سیاسی کوردستان و ئاڵوگۆرەکان و ئەگەرەکانی بەردەم دەسەلاتی سیاسی هەرێم و دۆخی ناوخۆی یەکێتی دەکەین، بریاری بەستنی کۆنگرە بەو خێرایی و بەو ماوە کەمەی بۆی دانراوە، نیشانەیەکی رۆشنە کە ئەوە کۆنگرەیەکی نائاسایی و پێش وەختەیە.

کۆنگرەیەکە لە راستای شکستی کۆنگرەی پێشووی و هەنگاوەکانی کە گرتییە بەر. کۆنگرەی پێشووی یەکێتی نەک نەیتوانی وەڵام بەدۆخی یەکێتی و گرفتەکانی بداتەوە، بەڵکو گورزێکی گەورەی وەشاندە دۆخی یەکێتی و پاشەکشەی بەسەردا سەپاند.

کێشەی بناغەیی یەکێتی نیشتیمانی لە کۆنگرەی چوار و لەم کۆنگرەیەشدا، لەلایەکەوە وەڵامدانەوەیە بە کیشەی رابەری، رابەرایەتیەک کە لانی کەم بتوانێت جێگای تاڵەبانی باوک لە ئاستە هەرە لاوازەکەیدا پڕ بکاتەوە و لەلایەکی تریشەوە

بۆ لاپەڕە 13




بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای ڕەسام